# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە بۆنەی پێدانی پلەی پرۆفیسۆر بە د.شێرزاد نەجار، پیرۆزبایییەکی ئاراستە کردووە، ئەم پیرۆزباییەی سەرۆکی حکومەت بۆ پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار، نیشانەی بایەخ و گرنگیدانە بە ڕێزگرتن لە زانایانی نەتەوەکەمان.

پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی زانستی سیاسەت، لە زانکۆی ڤیەننا لە وڵاتی نەمسا وەرگرتووە، جیا لەوەی بۆ چەندین دەیەیە یەکێکە لە مامۆستایانی کۆلێژی یاسا و سیاسەت و سەرپەرشتیی دەیان و سەدان تێزی ماستەر و دکتۆرای کردووە و، نەوەیەکی تازەی پەروەردەکراوی مەعریفەی بەرهەمهێناوە. لە هەمانکاتدا لە دەرەوەی پیشەکەی کە مامۆستای زانکۆ بووە، یەکێك بووە لە توێژەر و نووسەر و چاودێرە سیاسییە دیار و بەناوبانگەکانی کوردستان و عێراق و بەشداری لە نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا کردووە و، بە شێوەیەکی بەردەوام یەکێك بووە لە نووسەرە بەردەوام و دیارەکانی گۆڤاری گوڵان و هەموو کات گوڵان شانازی بە وتار و بیروبۆچوونە سیاسییە تازەکانیەوە کردووە.

پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار لەسەر ئاستی کۆڕ و کۆڕبەندەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی، وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی و بیرمەندی سیاسی و یاسایی، ئامادەیی هەبووە و بە ئاستی بەرز بەشدارییەکی کارا و چالاکانەی هەبووە.

بەم بۆنەیەوە، ئێمەش بە ناوی تەواوی ستافی گۆڤاری گوڵانەوە، پیرۆزبایییەکی گەرم لە پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار دەکەین و، بە جێگەی شانازی دەزانین کە یەکێك لە نووسەرە دیارەکانمان ئەم کەسایەتییە ئەکادیمی و بیرمەندیە و خاکڕایانە و بە بێ بەرامبەر بەردەوام لەسەر لاپەڕەکانی گوڵان خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان دەکات.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆک وەزیران

٢٠١٨/٨/٤

بەڕێز پرۆفیسۆر د. شێرزاد نەجار،

سڵاو و ڕێز..

بەبۆنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەڕێزتانەوە بۆ (پرۆفیسۆر)، پیرۆزباییەکی گەرمتان لێدەکەین و بەم هەنگاوە گەورەیەتان خۆشحاڵین. بەڕێزتان هەموو تەمەنی خۆتان بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی خوێندن و زانست تەرخان کردووە کە ئەمەش جێگەی پێزانین و شانازییەکی گەورەیە. هیوای سەرکەوتنی زیاتر و تەمەندرێژیتان بۆ دەخوازین.

هەر شاد بن.

نێچیرڤان بارزانی

دكتۆر كاوە مەحمود

## كە دەچین بۆ بەغدا لەبیرمان نەچێت كوردستان نیشتمانە




د.عەرەفات كەرەم ستونی :




## گرفتی پەیوەندیی نێوان دەستەبژێرو دەسەڵات لە عێراقدا

پرۆفیسۆر محەمەد شەفیق :



## مەسەلەكە ئەوەیە چۆن رێز لە سەرجەم مرۆڤایەتی بگرین بە چاوپۆشین لەوەی پەیرەوكاری هەر ئایینێک بن

نادر هاشمی :



## رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تاریكترین و نائومێدترین ساتەوەختدا تێدەپەرێت




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوكەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەرێوەبەری كارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
كەمال ئاكرەیی

بۆ ریكلام كردن پەیوەندی بكە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

د.نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

## کێشەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان



## ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندایە و داوای دۆزینەوەی هۆکارەکان و چارەسەری دەکرێت



## چەورییە خراپەکان لە خۆراکدا




## قفڵێکی هۆشمەند ئەمنییەتی زیاتر



سەما ئیسماعیلی:

## سینەمای کوردی لە شوێنی خۆی وەستاوە و بەرەوپێش نەچووە



لاڤە کەریم :

## هیوادارم بتوانین کچان زیاتر بۆ ناو ئەم وەرزشە رابکێشین



# خوێندنەوەیەک بۆ ڕەهەندە بێدەنگەکانی پارتی

**بۆچی مستەفا بارزانی لە مەهابادەوە داوای دامەزراندنی پارتی کرد، نەک لە سلێمانییەوە؟**





**پارتی وەک حزب ناتوانێت چوارچێوەیەک بە سەر فیکری مستەفا بارزانی-دا فەرز بکات، بەڵکو فیکری بارزانی دەبێتە چوارچێوەیەک و چەمکی پارتی پێناسە دەکات**

**چەندین ساڵ پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێت، مستەفا بارزانی رێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردووە و هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پشتگیرییان کردووە، حکومەتی پاشایەتی عێراقیش وەک رێبەری شەرعیی کوردستان دانوستاندنی لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ کردووە**

**پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێت، مستەفا بارزانی سنووری نێوان بەشەکانی کوردستانی نەهێشت و چوو بە هانای کۆماری کوردستانەوە و بوو بە سەربازی پارێزەری کۆماری کوردستان**

مارتن هایدگەر لە کتێبی (پرسیار لە شت - السؤال عن الشیء) ئەوەمان پێ دەڵێت: هەموو (شتێك - Thing) جێگەی پرسیارە، ئەوجا ئەو (شتە) ئەستێرەیەکی ئاسمان، یان چیایەك، یان دارێك، یان بەردێك بێت، ئەمە وەك (شتە) ماددییەکان، بەڵام شتە مەعنەوییەکانیش وەك دەرکردنی بڕیارێك، دامەزراندنی پارتێك، دامەزراوەیەك و...هتد، ئەوانیش جێگەی پرسیارن.

وەڵامی ئەو پرسیارانەش کە لە هەر (شت) ێك دەکرێت، پەیوەستە بە ئاستی تێگەیشتنی ئەو کەسەی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، یان بایەخی ئەو شتە لای ئەو کەسەی وەڵامەکە دەداتەوە. هەر بۆ نموونە، کاتێك شوانێك ئێواران مەڕەکانی دێنێتەوە، لای ئەو رۆژ ئاوا دەبێت، بەیانییش کاتێك رۆژ هەڵدێتەوە، مەڕەکانی دووبارە دەباتە دەرەوە، کەواتە ئەگەر بپرسین: (رۆژ) لای ئەو شوانە چییە؟ ئەوا بێگومان رۆژ، لای شوانەکە ئەو بازنە درەوشاوە نیومەتریەیە کە ئێواران ئاوا دەبێت و بەیانیان هەڵدێتەوە، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار لە زانایەکی فیزیای گەردوونی بکەین و، پێی بڵێین: (رۆژ چییە؟) ئەوا پێمان دەڵێت: رۆژ ئەستێرەیەکە لە زەوی گەورەترە و لە جێگەی خۆی ناجووڵێت و زەوی و چەند ئەستێرەیەکی دیکە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. لێرەدا ئەگەر لە خۆمان بپرسین: ئایا (رۆژ) ئەوەیە کە شوانەکە پێمان دەڵێت، یان ئەوەیە کە زانا فیزیا گەردوونییەکە پێمان دەڵێت؟ بێگومان، نە لە وەڵامی شوانەکە و نە لە وەڵامی زانا فیزیا گەردوونییەکەوە، ئێمە تێناگەین، رۆژ وەك (شتێك) چییە، بۆیە کاتێك پرسیار لە رۆژ دەکەین، وەك ئەستێرەیەك، یان شتێك کە خۆی چییە، ئەوا هەمان پرسیاری ئەمانوئیل کانت لە سەر ئەقڵ دروست دەبێتەوە، کە (رەخنە لە ئەقڵی پەتی) دەگرێت، بۆیە دەکرێت ئەو پرسیارەش لە ناونیشانی کتێبەکەی کانت بکەین، (ئایا ئەقڵی پەتی چییە؟) و ئایا لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت بڵێین: (ئەقڵی پەتی) میتافیزکە؟

ئەگەر لەسەر ئەم میتۆدە و لە ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئێمەش پرسیار لە خۆمان و لە تەواوی خەڵکی کوردستان بکەین، بەوەی (ئایا پارتی چییە؟). بێگومان هەر یەکێك وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کۆمەڵێك لاپەڕە بە پارتییەوە هەڵدەواسێت و لەو لاپەڕانەدا باسی پارتی دەکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر ئەم لاپەڕانە لە پارتی بکەینەوە و جارێکی دیکە بە چەمکی پارتی لە ناو فیکری مستەفا بارزانی (ئەقڵی پەتیی مستەفا بارزانی) هەڵبواسینەوە، ئایا ئەوەی ئێمە نووسیومانە دەبێتە مانا و مەغزای چەمکی (پارتی) لەناو فیکری مستەفا بارزانی-دا؟

### ● چەمکی (پارتی)
### لەناو فیکری مستەفا بارزانی-دا

ئەمانوئیل کانت، (فیکر)ی پێش پراکتیزەکردن بە (ئەقڵی پەتی _العقل المحض) پێناسە دەکات، بۆیە لە کاتی پراکتیزەکردنی ئەو فیکرەدا، رەخنە لە ئەقڵی پەتی دەگرێت، ئەمەش بەو مانایەی مەرج نییە ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە و پلانی بۆ دادەنێیت، بە هەمان ئەو وێنایە جێبەجێ بکرێت کە تۆ پێشتر بیرت لێ کردووەتەوە، هەروەها مەرجیش نییە کاتێك هەر خۆت ئەو فیکرەی پێشتری خۆت جێبەجێ دەکەیت، بە هەمان شێوە جێبەجێی بکەیت کە پێشتر بیرت لێ کردووەتەوە، کانت ئەمەشی ناو لێناوە: (رەخنەگرتن لە ئەقڵی پراکتیکی).

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە، پێش ئەوەی باسی چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، دیارە (پارتی) وەك چەمك و فیکر لەناو ئەقڵی پەتیی مستەفا بارزانی-دا نەك هەر بوونی هەبووە، بەڵکو ئەم (پارت) ە دامەزراویشەوە و ئەرك و ئامانجەکانیشی بۆ دیاریکراوە، هەر بۆیە مستەفا بارزانی داوای جێبەجێکردنی ئەو فیکرە دەکات کە پێشتر خۆی بیری لێ کردووەتەوە. کەواتە ئەگەر ئاراستەی پرسیارمان لە چەمکی (پارتی) بێت، وەك ئەوەی لە فیکری مستەفا بارزانی بوونی هەبووە، پێش ئەوەی هەنگاو بۆ دامەزراندنی هەڵگیرابێت، ئەوا ئەو پرسیارەی ئێمە نابێتە پرسیارێکی مێژوویی بۆ (پارتی)،

بەڵکو دەبێتە پرسیارێك بۆ چەمكی (پارتی) لە حاڵەتی بێدەنگیدا و ئەو بێدەنگییە دەشكێنن و مانا و مەغزای چەمكی (پارتی) لەو بەدەنگهێنانەوەیە بەرهەم دەهێنێتەوە.

گەڕانەوە بۆ چەمكی (پارتی) لە حاڵەتی بێدەنگیدا، مانای ئەوە نییە مێژوو لەناو بێدەنگیی پارتیدا ئامادەیی نەبووە، بەڵكو خودی بێدەنگییەكە بناخەی بوونیەتی و لەگەڵ بەدەنگهێنانەوەی ئەو بێدەنییگە دیسان پرسیارێكی دیكەی مێژوویی لە پارتی دەكرێت، بەڵام مێژوویی بە چ مانایەك؟ بێگومان (مێژوویی) بەو مانایەی لە سەرەتای مێژووی دروستبوونی ئەم فیكرەوە بۆ دامەزراندنی (پارتی) و هەتا ئێستاش ئەو مێژووە درێژەی هەیە، بۆیە كاتێك بەم شێوازە چەمكی (پارتی) وەك فیكر و پێش دامەزراندنی دەخوێنینەوە، ئەوا دەرگای رەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆمان لەسەر ئاستەكانی (ئەقڵی پەتی، ئەقڵی پراكتیكی، شێوازی حوكمدان) دەكرێتەوە و ناچاردەبین جارێكی دیكە بگەڕێینەوە سەر ئەو بناخە ئەخلاقییەی كە لەناو فیكری مستەفا بارزانی، چەمكی پارتی پێناسە دەكاتەوە.

لێرەوە ئەگەر لە ناو فیكری مستەفا بارزانی-دا ئەو پرسیارە بكەین: ئایا پارتی چییە؟ یان ئەگەر پرسیارەكە بە شێوەیەكی دیكە بكەین و بڵێین: ئایا زەروورەتی پارتی لە فیكری مستەفا بارزانی-دا بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان چی بووە؟ ئەگەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەنا بۆ چەند گوتەیەكی بەڕێز مسعود بارزانی بەرین، كە خۆی پەروەردەی فیكری بارزانییە، دیارە لە چەندین بۆنەدا و بە چەند وشەیەك وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە (ئایا پارتی چییە؟) لای ئەو پارتی بریتییە لە (رەوینەوەی نائومێدی و دەركەوتنی ئومێد بۆ نەتەوەیەك)، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٣یش دوای ئەوەی پارتی لەگەڵ حزبی یەكگرتن یەكیان گرت، بەڕێز مسعود بارزانی لە سلێمانی گوتی: «تەنیا ناوی پارتی وەك خۆی بمێنێت، هیچ كێشەیەك لەسەر پلە و پۆست دروست نابێت..»، بێگومان ئەم گوتانەی بەڕێز مسعود بارزانی، پێناسەیەكی بەرزە بۆ زەروورەتی دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، بەڵام میتۆدی ئەم نووسینە پێناسەكەی مسعود بارزانی-یش بۆ (پارتی) دەكاتە جێگەی پرسیار و دەپرسێت: ئایا رەوینەوەی نائومێدی و دەركەوتنی ئومێد بۆ نەتەوەیەك لە ناو فیكری مستەفا بارزانی-دا بە چ شێوەیەك بە پارتی جێبەجێ دەكرێت؟ یان ئایا بۆ گرنگە ناوی (پارتی) وەك خۆی بمێنێت؟

پێش ئەوەی هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بخەینەگەڕ، دەبێت پێشوەختە ئەو راستییە لەبەر چاو بگرین، كە پارتی وەك حزب ناتوانێت چوارچێوەیەك بە سەر فیكری مستەفا بارزانی-دا فەرز بكات، بەڵكو فیكری بارزانی دەبێتە چوارچێوەیەك و چەمكی پارتی پێناسە دەكات، لەمەش زیاتر رەهەندەكانی فیكری بارزانی بە سەر پێناسەی پارتیدا فەرزدەكرێت، ئەم فەرزكردنەش بەو مانایەی كە دەبێت پارتی بەو شێوەیە بێت كە بارزانی مستەفا بیری لێ كردووەتەوە، نەك ئێمە بیبین وەك هەر حزبێكی ئاسایی و خاوەن ئایدیۆلۆژیای جیاواز، مامەڵە لەگەڵ پارتی بكەین.

هەموو ئەو كەسایەتییانەی وەك (جۆرج واشنتۆن، گاندی، ماندێلا، دیگۆل، تەنانەت چەرچلیش و...هتد) كە لە ناو نەتەوەی خۆیان بوون بە رابەر و كاریزمای نیشتمانێك، لەبری ئەوەی هەوڵیاندابێت حزب دابمەزرێنن و نەتەوەكەی خۆیان بەش بەش بكەن، هەموو هەوڵێكیان داوە، جیاوازیی نێوان ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەكان پێكەوە ئاشت بكەنەوە، هەوڵیانداوە جیاوازی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەكان پێكەوە ئاشت بكەنەوە و ناسنامەیەكی نیشتمانی هەموویان پێكەوە كۆبكاتەوە. ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە، مستەفا بارزانی وەك رابەری نەتەوەیەك و كاریزمای نیشتمانێك وەربگرین و لە خۆمان بپرسین: ئایا مستەفا بارزانی پێویستی بەوە بووە حزبێك دروست بكات، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆكی حزب؟ بێگومان مێژوو سەربەرزانە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێت: چەندین ساڵ پێش ئەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان دابمەزرێت، مستەفا بارزانی رێبەرایەتی شۆڕشی كوردستانی كردووە و هەموو نەتەوە

**لە مێژووی ئەدەبیاتی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان-یشدا، زۆر جاران لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەی «التاخی»، نووسراوە: «الپارتی»، لە ئێستاشدا ئەو توێژەرە بیانییانەی كە تایبەتمەندن لەسەر پرسی سیاسیی كوردستان هەر وشەی (Party) بە مانا كوردییەكەی بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان بەكار دەهێنن**

**لە فیكری مستەفا بارزانی-دا خەڵكی كوردستان هۆشیارە و ژێردەستەیی قبووڵ ناكات، ئەمەش راستیەكی مێژووییە، لەبەر ئەوەی مستەفا بارزانی پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێنێت، رێبەرایەتی شۆڕشی كوردستانی كردووە لە شۆڕشی دووەمی بارزان و خەڵكی كوردستانیش بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە پشتگیرییان لێ كردووە**

**لە فیكری مستەفا بارزانی-دا، پارتی هیچ تایبەتمەندییەكی رەگەزپەرستی و ناوچەگەری و توندڕۆیی ئایینی و ئایدیۆلۆژیی نییە و لەگەڵ هیچ نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتیكی جیاوازیشدا هاودژی دروست ناكات**

**لە فیکری بارزانی-دا، دوای پشتیوانیی خوا، ئیرادەی میللەت شۆڕش بەرپا دەکات، پارتی تەنیا کاری ئەوەیە ببێتە چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە زیندووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان یەکگرتوو بێت**

**پارتی چ لە سەردەمی مستەفا بارزانی و چ ئێستا لە سەردەمی مسعود بارزانی، ئەگەر وەک کاردانەوەش وەک حزبە سیاسییەکانی دیکە ڕەفتاری کردبێت، ئەوا جێگەی ڕەخنەی مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی بووە و ڕێگە نەدراوە کە (پارتی) وەک حزبەکانی دیکە سیاسەتی تەسکی حزبایەتی پیادە بکات**

**پارتی نوێنەرایەتی گەلێک دەکات کە گەلی کوردستانە و نەتەوە و نیشتمان پێکەوە کۆدەکاتەوە، پێش ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی کورد بکات، داکۆکی لە مافەکانی کلد و ئاشووری و تورکمان و ئەرمەن و تەواوی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان دەکات، پێش ئەوەی داکۆکی لە مافی موسڵمانەکان بکات، بەو حیسابەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، داکۆکی لە مافی تەواوی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکات**

و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پشتگیرییان کردووە، حکومەتی پاشایەتی عێراقیش وەك ڕێبەری شەرعیی کوردستان دانوستاندنی لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ کردووە. هەروەها پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێت، مستەفا بارزانی سنووری نێوان بەشەکانی کوردستانی نەهێشت و چوو بە هانای کۆماری کوردستانەوە و بوو بە سەربازی پارێزەری کۆماری کوردستان.

کەواتە دیسان دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەینەوە، کە مستەفا بارزانی پێویستی بە حزب نەبووە، ئەی بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ناچارمان دەکات، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ئەو مەرجانە قبووڵ بکەین کە فیکری مستەفا بارزانی بە سەر چەمك و پێناسەی پارتیدا فەرزی دەکات، ئەم فەرزکردنە پێناسەی پارتی لە چەمکی حزبی تەقلیدی و باوی ئەو سەردەمە دەردەهێنێت و پارتێکی تازە دروست دەکات، کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین نە بیکەین بە عەرەبی و پێی بڵێین: (حزب)، نە دەشتوانین بیکەن بە ئینگلیزی و پێی بڵێین: (Party)، دیارە لە مێژووی ئەدەبیاتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان-یشدا، زۆر جاران لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی «التاخی»، نووسراوە: «الپارتی»، لە ئێستاشدا ئەو توێژەرە بیانییانەی کە تایبەتمەندن لەسەر پرسی سیاسیی کوردستان هەر وشەی (Party) بە مانا کوردییەکەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەکار دەهێنن.

گرنگترین جیاوازی لە پێناسەی پارتی لە فیکری بارزانی-دا، لەگەڵ پێناسە باوەکانی هەموو حزبەکانی ئەو سەردەمەی پارتی تێیدا دامەزراوەو ئەوانەشی دوای دامەزراندنی پارتی و هەتا ئێستا دامەزراون، ئەوەیە، هەر گرووپێك کۆبووبێتەوە بۆ ئەوەی حزبێکی سیاسی دروست بکات، پێش هەموو شت لە بەیانی دامەزراندنیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە خەڵك هۆشیار بکرێتەوە و جۆش بدرێت بۆ خەبات بۆ ئەوەی شۆڕش بکەن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن، یان هەر لە بەیانی دامەزراندنەکەیدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی بۆ حزبەکەی دروست کردووە، بۆ ئەوەی لە حزبەکانی دیکە خۆی جیا بکاتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری پێناسەی چەمکی پارتی بکەین لە فیکری مستەفا بارزانی-داو دەبینین هیچ کام لەو تایبەتمەندییانە نابینینەوە کە ئەو حزبانەی لەسەر دروست کراوە، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

١. لە فیکری مستەفا بارزانی-دا خەڵکی کوردستان هۆشیارە و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات، ئەمەش ڕاستیەکی مێژووییە، لەبەر ئەوەی مستەفا بارزانی پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێنێت، ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردووە لە شۆڕشی دووەمی بارزان و خەڵکی کوردستانیش بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە پشتگیرییان لێ کردووە.

٢. لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، پارتی هیچ تایبەتمەندییەکی ڕەگەزپەرستی و ناوچەگەری و توندڕۆیی ئایینی و ئایدیۆلۆژیی نییە و لەگەڵ هیچ نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتیکی جیاوازیشدا هاودژی دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو ئەو جیاوازییانە پێکەوە ئاشت دەکاتەوە و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لە نێوانیاندا دروست دەکات.

٣. لە فیکری بارزانی-دا، دوای پشتیوانیی خوا، ئیرادەی میللەت شۆڕش بەرپا دەکات، پارتی تەنیا کاری ئەوەیە ببێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی ئەو ئیرادە زیندووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان یەکگرتوو بێت.

لێرەوە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، کە پارتی لە هەر حزبێکی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە: ئایا مستەفا بارزانی وەك هەر ڕێبەر و کاریزمایەکی نەتەوەکانی جیهان، حزبێکی سیاسی تەقلیدی دروست کرد، یان چوارچێوەیەکی دروستکرد بۆ ئەوەی ڕێگە لە دابەشبوونی نەتەوە و نیشتمان بگرێت و هەموو بۆچوون و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی پێکەوە ئاشت کردەوە؟ بێگومان ئەگەر لەناو مێژووی ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین، ئەوا ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: پارتی نەك هەر وەك حزبە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی و ئەوانەی ئێستاش هەن،

کاری نەکردووە، بەڵکو پارتی چ لە سەردەمی مستەفا بارزانی و چ ئێستا لە سەردەمی مسعود بارزانی، ئەگەر وەك کاردانەوەش وەك حزبە سیاسییەکانی دیکە رەفتاری کردبێت، ئەوا جێگەی رەخنەی مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی بووە و رێگە نەدراوە کە (پارتی) وەك حزبەکانی دیکە سیاسەتی تەسکی حزبایەتی پیادە بکات.

لەم راستەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو گوتانەی بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەم نووسینە خستیە ژێر پرسیارەوە، دووبارە ئەو پرسیارە بکەینەوە، (چۆن پارتی دەبێتە هۆی رەوینەوەی نائومێدی و دەرکەوتنی ئومێد بۆ نەتەوەیەك؟) یان (بۆچی دەبێت ناوی پارتی هەر (پارتی) بێت و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیەت؟) ئەوا ئەم نووسینە بە دووبارە گەڕانەوەی بۆ پێناسەی چەمکی (پارتی) لە فیکری بارزانی-دا و پێش دامەزراندنی پارتی، دەتوانێت بە شێوەیەك لە شێوەیەکان لە مانا و مەغزای ئەو گوتانەی مسعود بارزانی نزیك ببێتەوە و بڵێت: پارتی کاتێك دەبێتە ئامرازی رەوینەوەی نائومێدی و دەرکەوتنی ئومێد بۆ نەتەوەیەك، کە شانۆیەك بێت بۆ نمایشکردن و یەکگرتوویی ئیرادەی نەتەوەیەکی هۆشیار و ئازادیخواز، هەروەها نابێت ناوی پارتی بگۆڕێت بۆ (حزب یان Party) لەبەر ئەوەی (حزب و Party) ئاماژەن بۆ گرووپ و دەستە و تاقمێك کە نوێنەرایەتی چینێك، یان توێژێك، یان نەتەوەیەك دەکات، ئەمەش واتە نەتەوە لەناو خۆیدا دابەش دەکات، بەڵام پارتی نوێنەرایەتی گەلێك دەکات کە گەلی کوردستانە و نەتەوە و نیشتمان پێکەوە کۆدەکاتەوە، پێش ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی کورد بکات، داکۆکی لە مافەکانی کلد و ئاشووری و تورکمان و ئەرمەن و تەواوی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان دەکات، پێش ئەوەی داکۆکی لە مافی موسڵمانەکان بکات، بەو حیسابەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، داکۆکی لە مافی تەواوی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکات، ئەم تایبەتمەندییانە بێجگە لە پارتی لە ناو هیچ حزبێکی دیکەی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی نییە، بۆیە دەبێت ناوی پارتی هەر (پارتی) بێت و نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت.

**● پارتی وەك پرۆژەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و رزگارکردنی کۆمەڵگە لە پاشاگەردانیی سیاسی**

ئەگەر خوێندنەوەی مێژوو بۆ میتۆدی ئەم نووسینە لە میتۆدی قوتابی و مامۆستاوە بگۆڕین بۆ میتۆدی دادوەر و شاهید، ئەوا دەتوانین مێژوو بکەینە شاهیدی ئەو تێزانەی لەم نووسینەدا دەخرێنەوەڕوو.

جیاوازیی میتۆدی قوتابی و مامۆستا لەگەڵ میتۆدی دادوەر و شاهید بۆ خوێندنەوەی مێژوو، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر تۆ مێژوو بکەیت بە مامۆستای خۆت، ئەوا ئەو مێژووە هەرچییەکی پێ گوتی، دەبێت گوێی لێ بگریت، بەبێ ئەوەی بزانیت کام رووداو راستە، یان کام رووداو هەڵەیە، هەر بۆیە لەم حاڵەتەدا تۆ ئاگاداری مێژوویت، بەڵام ئەم ئاگاداربوونە خزمەتی نووسینەکەت ناکات، بەڵام کاتێك نووسەر خۆی دەکاتە دادوەر و مێژوو دەکات بە شاهید، ئەوا نووسەر وەك دادوەر گوێ لە شاهید دەگرێت، بەڵام گوێگرتنی دادوەرەکە وەك گوێگرتنی قوتابییەکە نییە، دادوەر دەیەوێت راستییەکان لە شاهید وەربگرێت.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوەستەیەك لەسەر ناونیشانی دووەمی ئەم راپۆرتە بکەینەوە کە پرسیارێکە و دەڵێت: بۆچی مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستانەوە داوای دامەزراندنی پارتی کرد، نەك لە سلێمانییەوە؟ هەروەها ئەگەر سەیری ناونیشانی ئەو بەشەش بکەین کە نووسراوە: (پارتی وەك پرۆژەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و رزگارکردنی کۆمەڵگە لە پاشاگەردانیی سیاسی)، لێرەشەوە جارێکی دیکە هەم پرسیارەکەی یەکەم و هەمیش ناونیشانەکەی دووەم بکەینەوە جێگەی پرسیارێکی دیکە و لە خۆمان بپرسینەوە: ئایا دەتوانین مێژوو بکەینە شاهیدێکی راستگۆ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان (بۆچی مستەفا بارزانی لە مەهابادەوە داوای دامەزراندنی پارتی کرد، نەك لە سلێمانییەوە؟). یان ئایا دەتوانین مێژوو بکەینە شاهیدێکی راستگۆ بۆ سەلماندنی ئەو ناونیشانەی نووسراوە: (پارتی پرۆژەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و رزگارکردنی کۆمەڵگە

**مستەفا بارزانی لە پرسی گەڕانەوەی بۆ بارزان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشێکی سەرتاسەری شێخ مەحموودی حەفید ئاگادار دەکاتەوە و بە تێروتەسەلییش لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفید باسی دەکات، بۆ ئەم پرسەش جیا لەوەی لەلایەن شێخ لەتیفی حەفیدەوە هەموو ئامادەباشییەک پیشان دەدرێت بۆ هاوکاریی مستەفا بارزانی، لە هەمانکاتدا لەلایەن حزبی هیوا و ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە پشتگیری دەکرێت**

**چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، دامەزراندنی ئەو حزبە سیاسییە نییە کە گرووپێک کۆببنەوە دایبمەزرێنن و رایبگەیەنن، بەڵکو چەمکی پارتی چوارچێوەیەک بووە کە ئیرادەی گەلی کوردستان تێیدا یەکگرتوو بێت**

**مستەفا بارزانی ئەو کاتەی لە سلێمانییەوە بڕیاری داوە بگەڕێتەوە بۆ بارزان و شۆڕش بەرپا بکات، زۆر باش ئەو راستییەی زانیوە کە شۆڕش بە حزبێکی سیاسی هەڵناگیرسێت، کە نوێنەرایەتی گرووپێک، یان تەنیا نەتەوەو ئایینێک، یان چینێکی دیاریکراو بکات، بەڵکو شۆڕش کاتێک دروست دەبێت و بەردەوامی دەبێت، کە خودی شۆڕشەکە ببێتە چوارچێوەیەک و هەموو ئیرادەی گەل و نەتەوە کۆبکاتەوە**

**هەر نەتەوە و گەلێک ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەت بێت، دەبێت پێش هەموو شتێک چوارچێوەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی حزبایەتیی تەسک و پاشاگەردانیی سیاسی کۆتایی پێ بهێنێت**

**مستەفا بارزانی هەوڵیداوە کوردستان وەک نیشتمانێکی کۆڵۆنیاڵی پیشانی سیاسەتی جیهانی بدات و، لە چوارچێوەی کۆتاییهاتنی سەردەمی ئیمپریالیزمدا، شەرعییەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مسۆگەر بکات و پشتیوانیی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بۆ دەوڵەتی کوردستان دابین بکات**

لە پاشاگەردانیی سیاسی).

بێگومان ئەگەر توانیمان لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا مێژوو بکەینە شاهێدێکی راستگۆ، ئەوا هەم ئەمانەتی مێژوومان پاراستووە، هەمیش ئەو بڕیارەی لەسەر رووداوەکان دەیدەین، بڕیارێکی دادپەروەرانە دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەم خیانەت لە مێژوو دەکەین و هەمیش ئەو بڕیارانەی لە سەر رووداوەکان دەیدەین، دەبێتە جێگەی گاڵتەجاڕی خوێنەر.

لەم راستەوە و پێش ئەوەی بێینە سەر شەن و کەوی پرسیارەکەمان و سەلماندنی ناونیشانە لاوەکییەکەی ئەم بابەتە، دەبێت ئەوە بەبیری خوێنەر بهێنینەوە، ئەم نووسینە مامەڵە لەگەڵ چەمکی (پارتی) لەناو فیکری مستەفا بارزانی دەکات، واتە چەمکی (پارتی) وەك پڕۆژەیەکی بیرلێکراوە پێش دامەزراندنی، ئەوجا ئەگەر لەم خاڵەوە بگەڕێین بۆ وەڵامی پرسیارەکە (بۆچی مستەفا بارزانی لە مەهابادەوە داوای دامەزراندنی پارتی کرد، نەك لە سلێمانییەوە؟) ئەوا مێژوو وەك شاهید دوو حاڵەتی جیاوازی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-مان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە دوو سەردەم و شوێنی جیاواز و بەمجۆرە بووە:

● مێژوو وەك شاهید پێمان دەڵێت: مستەفا بارزانی لە ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٣ یەکێك بووە لەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕانەی کە حکومەتی پاشایەتی دووری خستبووەوە بۆ سلێمانی، ئەو کات مستەفا بارزانی بیری لەوە دەکردەوە، چۆن شۆڕشێکی سەرتاسەری لە باشووری کوردستاندا بەرپا بکات، وەك شێخ مەحموودی شێخ کاوەی حەفیدزادە لە دیمانەیەکی گوڵاندا بۆی باس کردووین، مستەفا بارزانی لە پرسی گەڕانەوەی بۆ بارزان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشێکی سەرتاسەری شێخ مەحموودی حەفید ئاگادار دەکاتەوە و بە تێروتەسەلییش لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفید باسی دەکات، بۆ ئەم پرسەش جیا لەوەی لەلایەن شیخ لەتیفی حەفیدەوە هەموو ئامادەباشییەك پیشان دەدرێت بۆ هاوکاریی مستەفا بارزانی، لە هەمانکاتدا لەلایەن حزبی هیوا و ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە پشتگیری دەکرێت.

● ئەمە تائێرە شاهیدی مێژووە بۆ بڕیاری مستەفا بارزانی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، بەڵام پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە: بۆچی بۆ هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە بیری لە دامەزراندنی حزبێکی سیاسی، یان پارتی نەکردەوە؟ ئێستا ئەگەر لەم پرسیارەش پرسیارێکی دیکە دروست بکەین و بپرسین: ئایا لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-دا پارتێکی سیاسی بۆ شۆڕش زەروور نەبووە؟ ئەگەر لەم پرسیارەش پرسیارێکی دیکە دروست بکەین، دەکرێت بپرسین: ئایا چۆن ئەو شۆڕشە رێکخراوە و سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە چۆن کراوە؟ دیارە لە وەڵامی ئەم هەموو پرسیارەدا، دیسان مێژوو دەبێتەوە بە شاهیدێکی راستگۆ و پێمان دەڵێت: چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، دامەزراندنی ئەو حزبە سیاسییە نییە کە گرووپێك کۆببنەوە دایبمەزرێنن و رایبگەیەنن، بەڵکو چەمکی پارتی چوارچێوەیەك بووە کە ئیرادەی گەلی کوردستان تێیدا یەکگرتوو بێت، ئەم چوارچێوەیەش پێویستی بە رەخساندنی زەمینە هەبووە، ئەم زەمینەیەش لە ناو شۆڕشی



بارزانـدا دروسـت بـوو، بـە خۆڕسـكی لیژنـەی ئـازادی بـۆ سـەركردایەتیی شـۆڕش هاتەئـاراوە، ئەندامانـی لیژنـەی ئازادییـش بـۆ سـەركردایەتیی شـۆڕشـی بـارزان، خەڵكی هەمـوو ناوچەكانـی ئـەم بەشـەی كوردسـتان بـوون، ئەمـەش واتـە پێناسـەی چەمكـی پارتـی لـە فیكـری مسـتەفا بارزانـی-دا بریتـی بـووە لـە چەمكـی ئـازادی، چۆنیـش ئـازاد دەبییـن، یـان دەگەینـە ئـازادی، ئـەوا چوارچێـوەی لیژنـەی ئـازادی پێمـان دەڵێـت كـە پێویسـتە ناوچەگـەری و حزبایەتـی و جیاوازیـی نێـوان چینـەكان و كێشـەی نێـوان ئاغـا و دەرەبـەگ و جووتیـار چارەسـەرێكی بـۆ بدۆزرێتـەوە، كەواتـە مێـژوو وەك شـاهید پێمـان دەڵێـت: مسـتەفا بارزانـی ئـەو كاتـەی لـە سلێمانییەوە بڕیـاری داوە بگەڕێتـەوە بـۆ بـارزان و شـۆڕش بەرپـا بـكات، زۆر بـاش ئـەو راسـتییەی زانیـوە كـە شـۆڕش بـە حزبێكـی سیاسـی هەڵناگیرسـێت، كـە نوێنەرایەتـی گرووپێـك، یـان تەنیـا نەتـەوەو ئایینێـك، یـان چینێكـی دیاریكـراو بـكات، بەڵكـو شـۆڕش كاتێـك دروسـت دەبێـت و بەردەوامـی دەبێـت، كـە خـودی شـۆڕشـەكە ببێتـە چوارچێوەیـەك و هەمـوو ئیـرادەی گـەل و نەتـەوە كۆبكاتـەوە، ئـەوكات مسـتەفا بارزانـی بیـری لـەوە كردووەتـەوە ئـەو چوارچێوەیـە دروسـت بـكات كـە لـە شـۆڕشـی بارزانـدا دروسـتی كـرد، بۆیـە بیـری لـە دامەزراندنـی پارتـی وەك حزبێكـی سیاسـی نەكردووەتـەوە.

بـەڵام ئەگـەر سـەیری داواكـەی مسـتەفا بارزانـی بكەیـن كـە لـە دوای راگەیاندنـی كۆمـاری كوردسـتانەوە داوای دامەزراندنـی پارتـی دەكات و سـەیری ئـەو سـەركردایەتییە بكەیـن كـە بـۆ ئـەم پارتـە هەڵیبـژاردووە، ئـەوا مێـژوو وەك شـاهید پێمـان دەڵێـت: مانـای چەمكـی پارتـی لـە فیكـری مسـتەفا بارزانـی-دا لـە چەمكـی ئازادییـەوە دەگۆڕێـت بـۆ پـڕۆژەی دامەزراندنـی دەوڵـەت و پاراسـتنی ئـەو دەوڵەتـەش، ئەگـەر لەسـەر ئـەم پرسـەش پرسـیارێكی دیكـە لـە مێـژوو بەگشـتی بكەیـن و بیكەینـە شـاهید بـۆ میكانیزمـی دامەزراندنـی دەوڵـەت و پاراسـتنی ئـەو دەوڵەتـە، ئـەوا مێـژوو بەمجـۆرە شـاهیدی لەسـەر شێوازی دامەزراندنـی دەوڵـەت و پاراسـتنی ئـەو دەوڵەتـە دەدات و پێمـان دەڵێـت:

- هـەر نەتـەوە و گەلێـك ئامانجـی دامەزراندنـی دەوڵـەت بێـت، دەبێـت پێـش هەمـوو شـتێك چوارچێوەیـەك دروسـت بـكات بـۆ ئـەوەی حزبایەتیـی تەسـك و پاشـاگەردانیی سیاسـی كۆتایـی پـێ بهێنێـت.

- دەبێـت ئـەو دەوڵەتـە ببێتـە چوارچێوەیـەك بـۆ یەكگرتنـی ئیـرادەی هەمـوو تاكەكانـی نەتـەوە، كـە ئـەم یەكگرتنـە دروسـت بـوو، پارێزگاریكـردن لـە دەوڵەتەكـە ئاسـان دەبێـت.

ئەگـەر لەسـەر بنەمـای ئـەم شـاهیدییەی مێـژوو، سـەیری ئـەو ئەزموونـە گەورەیـە بكەیـن كـە مسـتەفا بارزانـی بڕیـاری چوونـی خـۆی و پێشـمەرگەكانی بـۆ پاراسـتنی كۆمـاری كوردسـتان دا، ئـەوا دەبینیـن لـە بیركردنـەوەی مسـتەفا بارزانـی-دا، دامەزراندنـی دەوڵـەت و پاراسـتنی دەوڵـەت بووەتـە پڕۆژەیـەك كـە ئیـرادەی گەلـی كوردسـتان توانـای جێبەجێكردنـی ئـەم پڕۆژەیـەی هەیـە، بۆیـە لـە كۆمـاری كوردسـتانەوە كاتێـك لـە ژێـر نـاوی دامەزراندنـی پارتـی داوای دامەزراندنـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان

**ئەگەر رێككەوتنی ئادار جێبەجێ بكرایە، سنووری باشووری كوردستان دیاری دەكرا و حكومەتی عێراق دانی بە سنووری جوگرافی و مێژوویی ئەم بەشەی كوردستاندا دەنا، بە كەركووكی دڵی كوردستانیشەوە**

**لە رێككەوتنی ئاداردا هەیكەلی حكومەتێكی لۆكاڵی بۆ بەڕێوەبردنی كوردستان دیاری كرا، كە هەر سێ كۆڵگەكەی دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، كە بریتین لە دەسەڵاتەكانی (یاسادانان، جێبەجێ كردن، دادوەری)، هەر دوو ئەنجومەنی (یاسادانان و جێبەجێكردن)یش دەبوو راستەوخۆ لەلایەن گەلی كوردستانەوە هەڵبژێردرێن**



**کاتێک لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەعس هەڵگیرسایەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لیژنەیەکی دامەزراند بۆ ئەوەی ناوەرۆکی ڕێککەوتنی ئادار بگۆڕێت بۆ پرۆژەی دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی کوردستان لە عێراقدا، زیاد لەمەش شەخسی مستەفا بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشیش لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بوون بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنن**

**مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی باری لاسەنگی پارتی وەک کۆڵەگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕاست بکاتەوە و بۆ ئەوەی پارتی بتوانێت ئەو ئەرکە مێژووییە سەختەی کە کەوتووەتە سەرشانی بە سەرکەوتوویی بیگەیەنێتە مەنزڵ، بارەگای بارزانی دامەزراندبوو، بۆ ئەوەی ئەو بوارانەی کە پارتی ناتوانێت پڕیان بکاتەوە، ئەو دامەزراوەیە پڕیان بکاتەوە**

دەکات، ئەوا ئەرك و ئامانجی ئەم پارتە بریتی بووە لە:

- نەهێشتنی پاشاگەردانیی سیاسی و نەهێشتنی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی و کۆکردنەوەی ئیرادەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکدا کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

- ڕێکخستنی ئەم ئیرادە نیشتمانی و نەتەوەییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و پاراستنی ئەم دەوڵەتە.

لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە ئەم ئەرك و ئامانجانە کە بەرەنجامی شاهیدیی مێژوون، دووبارە بخەینەوە ژێر پرسیار و دیسان بپرسین: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و چوونی مستەفا بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئایا چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا هەر هەمان ئەرك و ئامانجی هەبووە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دیسان هەر پێویستمان بە شاهیدیی مێژوو هەیە، مێژوو وەك شاهید پێمان دەڵێت:

- دوای ئەوەی مستەفا بارزانی بە ئاوارەیی چووە یەکێتی سۆڤیەت، ئەزموونێکی دیکەی بۆ دروست بوو، بەوەی کە تەسلیمبوون بە ئەمری واقیعی داگیرکاری بوونی نییە، بۆیە کاتێك نەتەوە شکستێکی بە سەردێت، دەبێت هەوڵبدات باشتر و بەهێزتر لە جاران هەستێتەوە، هەر بۆیە مێژوو وەك شاهید پێمان دەڵێت: مستەفا بارزانی لە باکۆ بەرنامەی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەو جۆرە داڕشت کە ئامانجی ئیعلانکردنی جمهوورییەتی کوردستانی گەورەیە.

- لەسەر ئاستی دیپلۆماتی بۆ زەمینەسازکردن بۆ ئەم ئامانجە، ئەو دەیزانی لە سەردەمی شەڕی سارد، سۆڤیەتی پێشوو و ڕۆژئاوا ناتوانن پشتگیری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن، بۆیە وەك ڕێبەرێکی نیشتمانی و دڵسۆز بۆ نەتەوەکەی پشتگیری لە کۆنگرەی بانکۆك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم کرد، ئەو دەوڵەتانەی کە تازە لە کۆلۆنیاڵی ڕزگاریان ببوو، ئەمەش مانای ئەوەیە مستەفا بارزانی هەوڵیداوە کوردستان وەك نیشتمانێکی کۆلۆنیاڵی پیشانی سیاسەتی جیهانی بدات و، لە چوارچێوەی کۆتاییهاتنی سەردەمی ئیمپریالیزمدا، شەرعییەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مسۆگەر بکات و پشتیوانیی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بۆ دەوڵەتی کوردستان دابین بکات.

ئەگەر لێرەوە بێینە ناو ڕووداوەکانی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ بۆ عێراق، ئەو پرسیارە لەو ڕووداوە بکەین، ئەگەر چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتە، بۆچی لە سۆڤییەت گەڕایەوە، کە هێشتا کوردستان هەلی دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ هەڵنەکەوتبوو؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، ئەمجارە مێژوو وەك شاهید خۆی پرسیارێك ئاراستەی ئەو پرسیارە دەکات و لێمان دەپرسێت: مستەفا بارزانی لەسەر چ بنەمایەك لە سۆڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ عێراق؟ بێگومان هەر مێژوو وەك شاهید پێمان دەڵێت، دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بە ڕێگەی کودەتا لەلایەن پۆلێك ئەفسەری عێراقییەوە بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم، خەڵکی عێراق لە کوردستانیشەوە، ئەو کودەتایەیان وەك شۆڕش سەیر کرد، نەك تەنیا کودەتا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم تەنیا گۆڕینی دەموچاوێك نەبوو، بە دەموچاوێکی دیکە، بەڵکو شۆڕشێك بوو لە بیرکردنەوەی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە مافەکانی گەلی کوردستان و ناسنامەی نیشتمانێك کە کوردستانە و ڕاشکاوانە لەو دەستوورە کاتییەی دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ نووسراوەتەوە، هاتووە کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، ئەمەش مانای ئەوەیە مستەفا بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە گەڕاوەتەوە کە گەلی کوردستان بە خاوەنی نیشتمانێکی هاوبەش دەکرێت، ئەم دوو نەتەوەیە پێکەوە ئەم نیشتمانە هاوبەشە بەڕێوە دەبەن. هەر بۆیەشە دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لە ژێر کاریگەریی فیکری شۆڤێنی عەرەبی لە دەستوورە کاتییەکە پاشگەز بووەوە، گەلی کوردستان شۆڕشی ئەیلوولیان هەڵگیرساند و مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتیی

ئەو شۆڕشەی کرد، هەتا لە ئاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتنی ئاداری بۆ مافی ئۆتۆنومی لە کوردستان لەگەڵ ڕژێمی پێشووی بەعس ئیمزا کرد.

بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە: ئایا پارتی لە پرۆژەی دەوڵەتەوە نەگۆڕا بۆ پرۆژەی ئۆتۆنۆمی؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش مێژوو وەك شاهید دەیداتەوە و دەڵێت: ئەگەر یەکێك بە وردی تەواوی بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئادار بخوێنێتەوە کە دوای چوار ساڵ ڕژێمی بەعس لێی پاشگەز بووەوە، ئەوا بە ڕاشکاوی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ڕێککەوتنی ئادار هەنگاوی یەکەم و دانانی بەردی بناخەی دەوڵەتی کوردستانە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- ئەگەر ڕێککەوتنی ئادار جێبەجێ بکرایە، سنووری باشووری کوردستان دیاری دەکرا و حکومەتی عێراق دانی بە سنووری جوگرافی و مێژوویی ئەم بەشەی کوردستاندا دەنا، بە کەرکوکی دڵی کوردستانیشەوە.

- لە ڕێککەوتنی ئاداردا دان نراوە بە مافی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستاندا و مافی هەموو لایەکیان دیاری کراوە.

- لە ڕێککەوتنی ئاداردا هەیکەلی حکومەتێکی لۆکالی بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان دیاری کرا، کە هەر سێ کۆڵەکەی دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەری)، هەر دوو ئەنجومەنی (یاسادانان و جێبەجێکردن)یش دەبوو ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێردرێن.

- لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی ئادار بەردی بناخەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوو، کاتێك لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەعس هەڵگیرسایەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لیژنەیەکی دامەزراند بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئادار بگۆڕێت بۆ پرۆژەی دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی کوردستان لە عێراقدا، زیاد لەمەش شەخسی مستەفا بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشیش لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بوون بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنن.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ئەم مێژووە و بەردەوامیی ئەم فیکرە ئێستاش وەك ئەو کاتەی کە چەمکی پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی-دا بووە، پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێت، بەردەوامی هەیە، ئەمەش زۆر بە بوێری و ڕاشکاوانە لە ڕەفتار و گوتاری بەڕێز مسعود بارزانی دەبیبنین و گوێمان لێی دەبێت.

**● پارتی وەك مێژوویەکی بەردەوام بۆ گرێدانەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە**

وەك لە یار و یاوەرانی مستەفا بارزانی-یەوە گوێمان لێ بووە، لە سەردەمی ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی، پارتی هەر جێگەی ڕەخنە بووە و بەردەوامیش ڕەخنەی لێگیراوە، سەرچاوەی ئەم ڕەخنانەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بەردەوام هەڵسەنگاندن لەسەر پارتی لەسەر دوو وێنە کراوە، وێنەی یەکەم چەمك و پێناسەی (پارتی) یە لە فیکر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی، وێنەی دووەم شێوازی سیاسەتی پراکتیکی پارتییە کە کۆی ئەو بوارانە پڕناکاتەوە کە لە فیکری بارزانی-دا دەبێت پڕیان بکاتەوە.

مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی باری لاسەنگی پارتی وەك کۆڵەگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕاست بکاتەوە و بۆ ئەوەی پارتی بتوانێت ئەو ئەرکە مێژووییە سەختەی کە کەوتووەتە سەرشانی بە سەرکەوتوویی بیگەیەنێتە مەنزڵ، بارەگای بارزانی دامەزراندبوو، بۆ ئەوەی ئەو بوارانەی کە پارتی ناتوانێت پڕیان بکاتەوە، ئەو دامەزراوەیە پڕیان بکاتەوە، یان ئەو هاودژییەی لە ئاکامی سیاسەتی پارتی لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی دیکە، یان تەنانەت هۆزێك، یان گرووپێك، یان تاکێکیش دروستی دەکات، بارەگای بارزانی ئەو هاودژییانەی ئاشت دەکردەوە و ئەرکی سەرشانی پارتی بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش ئاسان دەکرد و کۆی تواناکانیشی لەگەڵ تواناکانی پارتی بۆ بەردەوامیی شۆڕش پێکەوە کۆدەکردەوە.

جوانیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت، کە چەند مەرجێکی فەرزکراوی فیکری مستەفا بارزانی لەسەر خۆی قبووڵ کردووە، هەرە گرنگەکەیان ئەوەیە، بە هەق و بە ناهەق ڕەخنە لە کۆی سیاسەتی

**جوانیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت، کە چەند مەرجێکی فەرزکراوی فیکری مستەفا بارزانی لەسەر خۆی قبووڵ کردووە، هەرە گرنگەکەیان ئەوەیە، بە هەق و بە ناهەق ڕەخنە لە کۆی سیاسەتی پارتی بگیرێت، ئەوجا ئەوەی ڕەخنەکە دەگرێت، کادری حزب بێت، یان هاووڵاتییەک، ئەوا پارتی وەک دامەزراوەیەک ملکەچ دەبێت، گوێ لەو ڕەخنانە بگرێت و وەڵامدانەوەشی هەبێت**

**مستەفا بارزانی فەرزی کردبوو هەر کەسێک غەدر لە بەرامبەرەکەی بکات، ئەوجا باوک بێت لە کچەکەی، برا بێت لە خوشکەکەی، پێشمەرگە بێت لە هاووڵاتی، بەرپرس بێت لە کارمەندەکەی، غەدار هەر غەدارە و دەبێت وەک غەدار سەیر بکرێت و غەدرەکەش دەبێت لەسەر غەدر لێکراو هەڵبگیرێت**



**بۆ ئێستای پارتی کە لە ژێر سایەی ڕێبەرایەتی مسعود بارزانی هەمان مێژوو و هەمان فیکری مستەفا بارزانی بەردەوامی هەیە، دەبینین ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر ڕەخنە لە پارتی دەگیرێت و، پارتییش لە ژێر زەبری مەرجە فەرزکراوەکانی فیکری مستەفا بارزانی-دا درێژەی بە نەفەسدرێژی و سینگفراوانیی خۆی داوە**

پارتی بگیرێت، ئەوجا ئەوەی ڕەخنەکە دەگرێت، کادری حزب بێت، یان هاوولاتیەك، ئەوا پارتی وەك دامەزراوەیەك ملکەچ دەبێت، گوێ لەو ڕەخنانە بگرێت و وەڵامدانەوەشی هەبێت و، نابێت لەسەر ڕەخنەگرتن ئەوجا ڕەخنەکە لەسەر هەر بوارێکی ژیانی کۆمەڵگە بێت، یان لە سەر ئۆرگانەکانی پارتی بێت، هیچ کەسێك سزا بدرێت، یان ڕەفتاری ناشیرین و ناجۆری لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم مەرجە فەرزکراوەی فیکری بارزانی لەسەر پارتی وەك دامەزراوەیەك لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ یان ئایا پێش ئەوەی ئەم مەرجە لەسەر پارتی فەرز بکرێت، مستەفا بارزانی بەسەر نەفسی خۆیدا فەرزی کردووە؟ دیارە مێژوو وەك شاهید لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا پێمان دەڵێت: جیا لەوەی مستەفا بارزانی شێوازێکی بیرکردنەوەی عارفانەی هەبووە کە هەموو کات هەوڵیداوە خۆی هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە و خێر و چاکە لە کۆمەڵگە بڵاوبکاتەوە، وەك ڕێبەر و کاریزمای نەتەوەیەکیش چەند تایبەتمەندییەکی دیاری هەبووە لە بریتی بوون لە: (ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خۆی لەلایەن خۆیەوە، متمانە بە خۆبوون و متمانە بە ئیرادەی گەلەکەی، بڕوابوون بەوەی هەموو تاکەکانی نەتەوە بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بۆچوونی سیاسیشەوە، مرۆڤن و دەبێت ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ بگیرێت)، کەواتە نەك هەر مەرجی ڕەخنەگرتنی لەسەر نەفسی خۆی فەرز کردبوو، بەڵکو مستەفا بارزانی وەك ڕێبەر کۆمەڵێك مەرجی دیکەشی بەسەر نەفسی خۆیدا فەرز کردبوو، لەوانە:

- فەرزی کردبوو کە ژینگەی کوردستان مافی بە سەرمانەوە هەیە و دەبێت ژینگەیەکی پاك و جوانمان هەبێت و نابێت کەس دار ببڕێتەوە.
- فەرزی کردبوو ئەو ئاژەڵ و گیانەوەر و پەلەوەرانەی ژینگەی کوردستان جوان دەکەن، نابێت ڕاو بکرێن و دەبێت پارێزگارییان لێ بکرێت.
- فەرزی کردبوو هەر کەسێك غەدر



لە بەرامبەرەکەی بکات، ئەوجا باوك بێت لە کچەکەی، برا بێت لە خوشکەکەی، پێشمەرگە بێت لە هاوولاتی، بەرپرس بێت لە کارمەندەکەی، غەدار هەر غەدارە و دەبێت وەك غەدار سەیر بکرێت و غەدرەکەش دەبێت لەسەر غەدر لێکراو هەڵبگیرێت.

- بارزانی رای وابوو دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵگە ملکەچی یەك دەسەلات بێت، ئەویش دەسەلاتی یاسایە، بۆیە لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا بێجگە لە یاسا و دادگا، کەسی دیکە دەسەلاتی نەبوو.

ئەمانەو چەندین مەرجی فەرزکراوی دیکە کە مستەفا بارزانی پێش هەر کەسێك لەسەر نەفسی خۆی فەرزی کردبوو، لەلایەن پارتییەوە زۆر جاران وەك پێویست جێبەجێ نەدەکران، بۆیە رەخنە لە پارتی دەگیران.

بۆ ئێستای پارتی کە لە ژێر سایەی رێبەرایەتی مسعود بارزانی هەمان مێژوو و هەمان فیکری مستەفا بارزانی بەردەوامی هەیە، دەبینین ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر رەخنە لە پارتی دەگیرێت و، پارتییش لە ژێر زەبری مەرجە فەرزکراوەکانی فیکری مستەفا بارزانی-دا درێژەی بە نەفەسدرێژی و سینگفراوانیی خۆی داوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی رەخنەکانی ئەم سەردەمە وەك رەخنەکانی سەردەمی مستەفا بارزانی نین و گەلێك جار غەدریش لە پارتی دەکرێت، بەڵام مسعود بارزانی نەك هەوڵیداوە کە بەرپەرچی رەخنەکان بداتەوە، بەڵکو بە هەمان شێوازی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بڕیاری داوە دووبارە بارەگای بارزانی دابمەزرێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم بارەگایە نەك هەر ببێتە هێزێکی مەعنەوی بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی پارتی سووك بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەم بارەگایە ببێتە هێزێکی مەعنەوی بۆ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و یەکە کەی تاکەکانی کوردستان و بۆ ئەوەیە جیاوازییەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە و پێکەوە هەڵەکانی خۆمان راست بکەینەوە و خۆشگوزەرانی و ئاشتی و ئاسایش بۆ گەلی کوردستان دابین بکرێت.

**مسعود بارزانی بە هەمان شێوازی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بڕیاری داوە دووبارە بارەگای بارزانی دابمەزرێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم بارەگایە نەك هەر ببێتە هێزێکی مەعنەوی بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی پارتی سووك بکات، بەڵکو ئەم بارەگایە ببێتە هێزێکی مەعنەوی بۆ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و یەکە کەی تاکەکانی کوردستان و بۆ ئەوەی جیاوازییەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوەو پێکەوە هەڵەکانی خۆمان راست بکەینەوە و خۆشگوزەرانی و ئاشتی و ئاسایش بۆ گەلی کوردستان دابین بکرێت**



پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.حەسەن موفتی
لە دیدارێکی گوڤاری گوڵاندا:

# ئەدەبیاتی سەلەفییەت داعش بەرهەم دەهێنێت

# سەرکردەیەکی حزبێکی ئیسلامی کاتێک نەیتوانی بچێتە ناو پەرلەمانەوە، کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی «لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا»و بەو کتێبە تەکفیری هەر کەسێکی دەکرد کە دەچووە ناو پەرلەمان

## پێویستە دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن بکرێت و لە فیکری سەلەفییەت پاک بکرێنەوە

لە ساڵانی رابردوودا زۆر جار باسی ئەوە کراوە کە لە کوردستان تەوژمی سەلەفی خەریکە جێگەی سۆفیگەری و عیرفان دەگرێتەوە. تەنانەت بوونی نوێنەرانی حزبە سەلەفی و ئیخوانییەکانیان لەناو پەرلەمانی کوردستان، هەروەها گوتاری توندی بەشێك لە مینبەری مزگەوتەکانی کوردستانیان بە مەترسییەکی گەورە لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگە لە قەڵەم داوە. بۆیە پرسیارێکی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەتوانین سنوورێك بۆ فیکری توندرەوی لە کوردستان دابنێین؟ ئایا دەبێت لە کوێیەوە دەست پێ بکەین؟ پرۆگرامی مەدرەسە ئیسلامییەکانی کوردستان تا چەند لە سەر هزری توندرۆیی کاریگەری داناوە و چۆن دەکارین ئەو میانرەوییە پەرە پێ بدەین کە زۆرێك لە زانایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان داکۆکی لێ دەکەن؟

گۆڤاری گوڵان ئەم پرسیارانە و چەندین پرسی پەیوەندیدار بە رەوتی سەلەفییەکان و تەریقەتی سۆفیگەرایی و کاردانەوەیان لە پەیکەرەی کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر حەسەن خالید موستەفا سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامی لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان-ی زانکۆی سەلاحەددین-ی هەولێر تاوتوێ کردووە.

**بیری توندڕەویی سەلەفیزم لە زۆر شوێنی وەک کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشوور و تەواوی عێراق، شام، میسر و دەوڵەتانی کەنداو بڵاوبووەتەوە**

**گرووپەکانی سەلەفیزم بەردەوام کۆمەڵێک دروشمی بریقەدار بەرزدەکەنەوە کە بە ئاسانی گەنجەکانی پێ هەڵدەخەڵەتێنن**

**گەوهەری زانستی سۆفیگەرایی میتۆد و پێڕەوێکە کە پێی دەگوترێت: «تەریقەت»، ئەمە واتە ڕێگەی بەدەستهێنانی خۆشەویستیی پەروەردگار و بە هیچ جۆرێک باوەڕی بە تەکفیرکردنی هیچ کەسێک نییە**

**پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: «إن هذا الدين متين فأوغل فيه برفق ..»، ئەمەش واتە خودی ئەم ئایینە بەهێزە و کۆڵەکەی گەورەی هەیە و خودای پەروەردگار خاوەنیەتی، پێویستی بە توندڕۆیی من و تۆ نییە**

*** بۆچی لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا خەریکە تەوژمی سەلەفی جێگە بە سۆفیگەری و عیرفان چۆڵ دەکات؟**

- بێگومان هۆکارگەلیك هەن كە بەشێکیان ناوەکی و بەشێکیشیان دەرەکین، دەتوانین بڵێین بیری توندڕەویی سەلەفیزم لە زۆر شوێنی وەك کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشوور و تەواوی عێراق، شام، میسر و دەوڵەتانی کەنداو بڵاوبووەتەوە، لە بەر ئەوەی گرووپەکانی سەلەفیزم بەردەوام کۆمەڵێك دروشمی بریقەدار بەرزدەکەنەوە کە بە ئاسانی گەنجەکانی پێ هەڵدەخەڵەتێنن و دەڵێن ئێمە بەپێی ئەو کتێبەی کە خودا ناردوویەتیە خوارەوە کە قورئانە و بەپێی سوننەت حوکم دەکەین، بەڵام دەقەکانی کتاب و سوننە بەپێی ئەو هزرە توندڕۆییەی خۆیان تەفسیر دەکەن، کە بە کورتی ئەوەیە: یان لەگەڵ ئێمەی، یان دوژمنی، کە بوویت بە دوژمن، واتە لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبیت بە کافر، کە بوویت بە کافر، واتە خوێنت حەڵاڵ دەبێت، بۆیە یان دەبێت وڵاتەکەی بۆ بەجێبهێڵیت، یان دەبێت لەگەڵیدا بکەوێتە جەنگەوە، یاخود سەری بۆ شۆڕ بکەیت!.

*** ئەی سەبارەت بە پێڕەوانی تەریقەتی سۆفیگەری، ئەمان چۆن بیردەکەنەوە؟**

- گەوهەری زانستی سۆفیگەرایی میتۆد و پێڕەوێکە کە پێی دەگوترێت: «تەریقەت»، ئەمە واتە ڕێگەی بەدەستهێنانی خۆشەویستیی پەروەردگار و بە هیچ جۆرێك باوەڕی بە تەکفیرکردنی هیچ کەسێك نییە، تەنانەت ئیمامی غەزالی دەفەرموێت: من پێم باش نییە غەیبەتی کافریش بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو کاتەی بە غەیبەتکردنی کافرێکەوە بەفیڕۆی دەدەی، باشترە موسڵمان خەریکی گرنگیدان بە باشییەکانی خودی خۆی بێت و هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، لەمەش زیاتر خۆ ئەگەر کابرای کافر ببیستێتەوە تۆ غەیبەتت کردووە، ئەوا ئەوەندەی دیکە لە ئایینەکە دوور دەکەوێتەوە، کەواتە دەبێت ئیرادەی چاکسازی ئیرادەیەکی نەرمونیان بێت، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرووێت: «إن هذا الدين متين فأوغل فيه برفق ..»، ئەمەش واتە خودی ئەم ئایینە بەهێزە و کۆڵەگەی گەورەی هەیە و خودای پەروەردگار خاوەنیەتی، پێویستی بە توندڕۆیی من و تۆ نییە، لەمەش زیاتر بوونی ئێمە لە ناو ئایینی ئیسلامدا بۆ خۆمان قازانجە، ئەگەر لە ناویشیدا نەبین بۆ خۆمان زەرەرە، ئیدی بۆچی هەوڵبدەین بە توندوتیژی خەڵك بێنێنە ناو ئەم ئایینە کە پێیوستی پێی نییە. ئەمەش بناغەی پێڕەوانی تەریقەتی سۆفیگەراییە، یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی پێڕەوانی تەریقەت لەگەڵ سەلەفییەکان، پرسی تەکفیرە، هەر بۆیە پێڕەوانی تەریقەتی سۆفیگەری پێیانوایە کە باوەڕی زۆربەی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەت سۆفیگەری بووە کە بریتی بوون لە (ئەبوقاسم قوشەیری، ئەبوتالیب مەکی، ئیمامی غەزالی، ئەبو حەفس سوهرەوەردی، هەتا دێتەوە سەر حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و کاك ئەحمەدی شێخ و...هتد)، ئەم زانا گەورانە و هاوتاکانیان کە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان کاریان کردووە، بڕوایان بە تەکفیرکردن نەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێوازی باوەڕی ئەمانیش دەگەڕێتەوە سەر شێوازی باوەڕی ئەبولحەسەنی ئەشعەری کە دەفەرمویت: (لا نكفر أحدا من أهل القبلة)، ئەمەش واتە ئێمە هیچ کەسێك تەکفیر ناکەین کە ڕووی لە قیبلە کردبێت، بەڵام کێشەی سەلەفییەکان ئەوەیە ئەوەی وەك ئەوان بیرنەکاتەوە، بە شێوازە کردارییەکەی تەکفیری دەکەن، هەر بۆ نموونە: ئەگەر یەکێك بیرۆکەی سەلەفی نەبێت، ئەوان دەڵێن، بناغەی باوەڕی تەواو نییە، ئەوجا کە باوەڕی تەواو نەبوو، دەکەوێتە دەرەوەی ئیسلام، کە کەوتە دەرەوەی ئیسلام واتە کافر بووە، کە کافریش بو واتە خوێنی حەڵاڵە و.. ئەمەش بیری داعشە بە تەواوی.

*** بەڵام هەندێك لە سەلەفییەکان خۆیان وەك سەلەفیی ساڵح پیشان دەدەن و دەڵێن ئێمە باوەڕمان بە سیاسەت و حزبایەتی نییە، ئایا ئەوەی باستان کرد، سەلەفیی ساڵحیش دەگرێتەوە؟**

- نەخێر، ئەمانە ناڵێن ئێمە سەلەفیی ساڵحین، بەڵکو تەنیا دەڵێن ئێمە سەلەفیین، بۆیە ڕێچکەی ئەمانەش هەر توندڕۆیی بەرهەم دەهێنێت، بۆ نموونە: ئەم سەلەفییانە باوەڕیان بەو جۆرەیە کە هەر کەسێك بە غەیری خودا سوێند بخوات، کافر دەبێت، بۆیە ئێستا کەسێك ئەگەر

بڵێت: (بە سەری برایەتیمان، یان بە گۆڕی شەهیدان، یان بە گۆڕی هەر سەرکردەیەکی کوردستان) ئیدی ئەو کەسە لای ئەوان بە کافر لە قەڵەم دەدرێت، کە تەکفیریشی کرد، خوێنی حەڵاڵ دەکات، خۆ ئەگەر جیهادیشی لەسەر رانەگەیەنێت، بەڵام ئەو کەسە بکوژرێت، یان بمرێت، سەلەفییەکان پێی خۆشحاڵ دەبن. بۆیە ئەمانە نوێنەرایەتی سەلەفیی سالّح ناکەن، ئەگەر سەلەفیی سالّح بن، نابێت هیچ کەسێك کافر بکەن کە روو بکاتە قیبلە، بەڵام ئەم سەلەفییانە دەیکەن، تەناتەت پێیانوایە کە رەوتی ئیخوان موسلمین، رەوتی نوری بەدیع زەمان نەورەسی، مەدرەسەی دیوبەندی پاکستانی، ئەزهەر، ئەمانە هەموویان کافرن، هەر چوار مەزهەبەکە کە نوێنەرایەتیی سەلەفیی سالّح دەکەن وەك (ئیمامی حەنیفە، ئیمامی مالیك، ئیمامی شافعی، ئیمامی حەنبەل) ئەمانە بە ئاییـن نازانن. دەڵێن تەنیا کتاب و سوننەت، ئەمانیش تەنیا بە بیر و تێگەیشتنی خۆیان، نەك سەلەفیی سالّح کە پەیڕەوانی عیرفانی و چوار مەزهەبەکەی لەسەرە.

*** باشە بۆچی خراپە بگەڕێیتەوە بۆ کتێب و سوننەت، ئایا کتێب و سوننەت سەرچاوەی هەموو شتەکانی دیکە نییە؟**

- راستە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر کتێب و سوننەت، بەڵام ئایا نابێت کۆمەڵێك زانای فەقهی شرۆڤەی کتێب و سوننەت بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کتێب و سوننەت، هەموو ئەمانە هەن، (گشتی و تایبەت)، ( رەها و سنووردار)، (هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان)، (ناسخ و منسوخ)، (مجمل و مفصل)، (دەلیل و دەلالەت)، (دەق)، (تێگەیشتن)، ( تێگەیشتنی مخالفە و موافقە)، ئەمانە هەمووی هەن و پێویستیان بە زانایانی گەورە هەیە، بۆ ئەوەی شرۆڤەی بکەن و لێیان تێبگەین، بەڵام سەلەفییەکان دەڵێن نەخێر، ئێمە بڕوامان بە هیچ مەزهەبێك نییە، بەڵام راستیش ناکەن، چونکە ئەگەر لێیان توند بکەین، دەڵێن ئێمە حەنبەلیین، بەڵام ئەمانە حەنبەلییش نین، سەر بە «ئیبن تەیمیە»ن، دیارە ئیبن تەیمیەش زۆر توندڕۆ بووە، توندڕۆییەکەشی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆژیەتی خۆی و بە پلەی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لەسەردەمێکدا ژیاوە، سەردەمی شەڕی تەتەرەکان بووە و هاتوون و وڵاتی ئیسلامییان داگیرکردووە، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین، فەتوای زۆر توند و سەیر سەیری هەیە، هەتا لە فەتوایەکدا دەڵێت: ئەگەر یەکێك بە زمان نییەتی نوێژی گوت، دەبێت داوای لێ بکرێت تۆبە بکات، ئەگەر تۆبەی نەکرد، دەبێت بدەن لە گەردنی و بکوژرێت. کە ئەمەش نە لە قورئاندا هەیە و نە لە سوننەت و نە هیچ زانایەکی ئیسلامی باسی کردووە، بۆیە راستە ئێمەش وەك پێڕەوانی سۆفیگەری دەڵێین، نییەتی نوێژ لە دڵدایە، بەڵام ئەگەر بە زمانیش گوترا، ئەوە پاڵپشتە بۆ نییەتەکەی دڵ، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر سادەی فەقهییە، بەڵام ئیبن تەیمیە خەڵکی لەسەر تەکفیر دەکات.

*** ئەگەر باس لە سەلەفییە توندڕەوکانی ئەمرۆ بکەین، دەبینین بە وەهابی ناویان دەبەن، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمانە وەهابین؟**

- بەڵێ، سەلەفییەکانی ئەمرۆ وەهابین، شوێنکەوتووی قوتابخانەی محەمەدی کوڕی عەبدلوەهابی نەجدیین و ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای توندڕۆیی و شەڕ و کوشتار دامەزراوە و خەڵك بەو ئامانجانە پەروەردە دەکات، ئەگەر لەسەر ئەم پرسە بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی مستەر هامفەر کە سیخوڕێکی ئینگلیزی بووەو کتێبەکەی بە ناونیشانی (دانپێدانانەکانی مستەر هامفەر) لەلایەن فەرمانگەی کۆلۆنیالەکانی بەریتانیاوە بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی تێدا گوتووە کە مستەر هامفەر بۆ خۆی محەمەدی کوڕی عەبدلوەهابی پەروەردە کردووە، بۆ ئەوەی بیکات بە گژی عوسمانییەکان یاخود میسردا، هەر ئەمانە بوون کە سەری سەدان زانای سێ مەزهەبەکەی دیکە (حەنەفی و شافعی و مالکی)یان لە حیجاز بڕی، حەنبەلییەکانیش بەشێکیان لەسەر رەوتی کۆنی خۆیان مانەوە، بەشەکەی تریشی کە توندڕەوەکانی ناو مەزهەبی حەنبەلیین، ئەو بەشەن کە قوتابخانەی ئیبن تەیمیە پێکدەهێنن، ئەوەشی لەو تەیمیەیانە نەبوویێت، دەیانکوشتن، هەر لەو سەردەمە دەیان زانای کوردیش لە ترسی ئەوان سەری خۆیان هەڵگرت و ئەوەشی بەردەستیان کەوت، کوشتیان، یەکێك لەو زانا گەورانەی کورد کە لە ترسی

ئەم سەلەفییانە باوەڕیان بەو جۆرەیە کە هەر کەسێک بە غەیری خودا سوێند بخوات، کافر دەبێت، بۆیە ئێستا کەسێک ئەگەر بڵێت: (بە سەری برایەتیمان، یان بە گۆڕی شەهیدان، یان بە گۆڕی هەر سەرکردەیەکی کوردستان) ئیدی ئەو کەسە لای ئەوان بە کافر لە قەڵەم دەدرێت، کە تەکفیریشی کرد، خوێنی حەڵاڵ دەکات

سەلەفییەکانی ئەمرۆ وەهابین، شوێنکەوتووی قوتابخانەی محەمەدی کوڕی عەبدلوەهابی نەجدیین و ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای توندڕۆیی و شەڕ و کوشتار دامەزراوە و خەڵک بەو ئامانجانە پەروەردە دەکات

مستەر هامفەر کە سیخوڕێکی ئینگلیزی بووەو کتێبەکەی بە ناونیشانی (دانپێدانانەکانی مستەر هامفەر) لەلایەن فەرمانگەی کۆلۆنیالەکانی بەریتانیاوە بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی تێدا گوتووە کە مستەر هامفەر بۆ خۆی محەمەدی کوڕی عەبدلوەهابی پەروەردە کردووە، بۆ ئەوەی بیکات بە گژی عوسمانییەکان یاخود میسردا، هەر ئەمانە بوون کە سەری سەدان زانای سێ مەزهەبەکەی دیکە (حەنەفی و شافعی و مالکی)یان لە حیجاز بڕی

ئـەوان سـەری خـۆی هەڵگـرت لـە ناوچەکانـی بەسـرە و زوبێـر بـووە شـوان، مـەلا عەبـدوڵای بەیتووشی یـە کـە خاوەنـی دەیـان کێتـب و دانـراوی شـەرعی ئیسـلامە. لایەنێکـی دیکـە کـە ئـەوان کاری لەسـەر دەکـەن، مەسـەلەی رووکەشـە، یـان تەنیـا هەوڵـدەدەن بـە شـێوەیەکی حەرفـی قورئـان و سوننەت تەفسیر بکـەن، بـەڵام پێڕەوانـی سـەلەفیی ساڵح، یـان سۆفیگەرایی، مامەڵـە لەگـەڵ گیانـی دەق و مەبەسـتەکانی شـەرع دەکـەن و وەریدەگـرن. هـەر بـۆ نموونـە فەرموودەیەکـی پێغەمبـەر( د.خ) هەیـە کـە دەفەرموێـت: (نێوانـی ئێمـە و کوفـر نوێژکردنـە)، ئەمـەش بـە رووکـەش واتـە کەسـێك نوێـژی کـرد موسـڵمانە، بـەڵام کەسـێك نوێـژی نەکـرد کافـرە، بـەڵام ئـەوان نازانـن کـە نوێژکـردن لقێکـی ئایینـە، نـەك بناغـە و ئەسـڵی ئاییـن، بناخـەی ئاییـن بریتییـە لـە (باوەڕبـوون بـە خـوا و پێغەمبـەر (د.خ)، باوەڕبـوون بـە فریشـتەکان و کتێبـە ئاسمانییەکان و پێغەمبـەران و ڕۆژی دوایـی و قـەزاو قـەدەر)، ئەگـەر کەسـێك بـاوەڕی بـە هـەر یـەك لەمانـە نەبێـت، کافـر دەبێـت، بـەڵام لقـی ئاییـن دوو جـۆرە، ئەگـەر باوەڕت پێـی نەبێت، کافـر دەبیـت، بـەڵام ئەگـەر بـاوەڕت پێـی بێـت و لەبـەر هۆکارێـك نەیکەیـت، ئـەوا پێـی کافـر نابیـت، هـەر بـۆ نموونـە: تـۆ بـاوەڕت بـە نوێـژە، بـەڵام لەبـەر تەمبەڵـی نوێـژ ناکـەی، ئەمـە پێـی کافـر نابیـت، هەروەهـا پێڕوانـی تەریقـەت پێیانوایـە پرسـی تەکفیر و تەفسـیق، ئیشـی ئێمـە نییـە و دەبێـت دادگای شـەرعی یەکلای بکاتـەوە، لـە ئێستاشدا ئـەم دادگا شـەرعییە بوونـی نییـە. ئێمـەش ئێسـتا لـە دەوڵەتـدا دەژیـن، نـەك لـە خەلافـەت، بۆیـە مـن چـۆن وەك موسـڵمانێك بـۆم هەیـە لـەم دەوڵەتـە نیشـتەجێ بـم، بـە هەمـان شـێوە کەسـێکی کریسـتیان، یـان ئێزیدییش بـۆی هەیـە هاووڵاتـی ئـەم دەوڵەتـە بێـت، وەك چـۆن کریسـتیان، یـان ئێزدییـەك بـۆی نییـە دەوڵەتێکـی ئایینـی رابگەیەنێـت و بەسـەر منـدا فـەرزی بـکات، منـی موسـڵمانیش بـۆم نییـە دەوڵەتێکـی ئیسـلامی رابگەیەنـم و بـە زۆر بەسـەر خەڵکـی غەیـرە موسـڵماندا فـەرزی بکـەم. جیاوازییەکـی دیکـەی نێـوان سـەلەفییەکان و ئەهلـی تەریقەتـی سۆفیگەرایی ئەوەیـە کـە ئەهلـی تەریقـەت بـڕوای بـە ئەحکامـی شـەرعی و زانسـتیی ئەخـلاق هەیـە کـە پێکـەوە گرێـدراون، ئیمامـی غەزالـی لـە «مسـتصفی»یدا نووسـیویەتی: «ئەگـەر سـەیری قورئـان بکەیـن، ژمـارەی ئایەتەکانـی **٦٢٣٦** ئایەتـە، تەنیـا **٤٣٠** ئایەتـی تایبەتـە بـە ئەحکامـی فیقهیـی عەمەلـی..» واتـە: لـە کـۆی هەمـوو ئایەتەکانـی قورئانـی پیـرۆز **٩٣٪**ی پەیوەنـدی بـە رەفتـار و ئەخلاقـەوە هەیـە و تەنیـا **٧٪**ی پەیوەنـدی بـە ئەحکامـی عەمەلیـی شـەرعییەوە هەیـە، بـەڵام سـەلەفییەکان دەستبەرداری رەفتـار و ئـاکار بـوون و تەنیـا گرنگـی بـە هەندێـك شـتی رووکـەش دەدەن، بـۆ نموونـە: دەبێـت ریشـت ئەوەنـدە دریـژ بێـت، شـەرواڵەکەت دەبێـت کـورت بێـت، بـە شـێوازێکی تایبەتـی دەسـت بـۆ نوێـژ بگریـت، هەروەهـا سـەلەفییەکان ئەگەرچـی دەڵێـن ئیمانمـان بـە حزب نییـە، بـەڵام ئـەم شـتە رووکەشـانەی دەکـەن، هەموویـان هێمـان بـۆ حـزب و بـۆ ئەوەیـە خۆیـان لـە خەڵکـی دیکـە جیابکەنـەوە و بـەو رووکەشـانە بناسـرێنەوە. هـەر لەسـەر شـتی رووکەشـیش خەڵـك کافـر دەکـەن و دەیکـوژن، هـەر بـۆ نموونـە، ئێسـتا کەسـێك ببینـن خـۆی دەکات بـە مەیخانەیەکـدا، ئـەوان یەکسـەر کافـری دەکـەن و خوێنـی حـەڵاڵ دەکـەن، بەبـێ ئـەوەی بزانـن ئـەم کەسـە بـۆ چـووە بـۆ ئـەو مەیخانەیـە، کـێ دەڵێـت، تینوویەتـی ناچـاری نەکـردووە خـۆی بـکات بـەو مەیخانەیـەدا، ئەمـە لـە کاتێکـدا ئەگـەر تینوویەتـی ناچـاری بـکات، چەنـد دڵۆپێـك مەییـش بخواتـەوە بـۆ ئـەوەی تینوویەتییەکـەی نەیکوژێـت، ئـەوا بـە پارێـزگاری لـە نەفـس دادەنرێـت، پارێـزگاری لـە نەفسـیش لـە پێـش پارێزگاریکردنـە لـە ئەقـڵ لـە ریزبەنـدی مەقاسـیدی شـەریعەتدا وەك ئیمامـی غەزالـی و پاشـان سـیفەددینی ئامـەدی باسـیان کـردووە.

*** ئێمە لە کوردستان چەند جۆرێك سەلەفیمان هەیـە، هەمانـە سـەلەفییەو حزبێکـی سیاسـییە، هەمانـە سـەلەفییە و لـە مزگەوتـەکان خەڵـك پـەروەردە دەکات، هەمانـە مـەلای سـەر مینبـەرە و گوتـار دەدات، هەشمانە کەناڵـی ئاسمانی هەیـە و رۆژانـە ئـەم فیکـرە بڵاودەکاتـەوە، ئایـا پێتوایـە ئەوانـە هەموویـان یـەك شـتن؟**

- ئەگـەر سـەرەتا باسـی ئـەو سـەلەفییانە بکەیـن کـە حزبیـان نییـە، ئەمانـە چوونەتـە لای بەرپرسـانی کوردسـتان و پێیانگوتـوون ئێمـە هەقمان بەسـەر حوکـم و دەوڵەتـەوە نییـە، ئێمـە تەنیـا ئیشـی خۆمـان دەکەیـن، مـن پێموایـە بـەم قسـانە بەرپرسـانی

**ئێستا لە دەوڵەتدا دەژین، نەک لە خەلافەت، بۆیە من چۆن وەک موسڵمانێک بۆم هەیە لەم دەوڵەتە نیشتەجێ بم، بە هەمان شێوە کەسێکی کریستیان، یان ئێزیدییش بۆی هەیە هاووڵاتی ئەم دەوڵەتە بێت، وەک چۆن کریستیان، یان ئێزدییەک بۆی نییە دەوڵەتێکی ئایینی رابگەیەنێت و بەسەر مندا فەرزی بکات، منی موسڵمانیش بۆم نییە دەوڵەتێکی ئیسلامی رابگەیەنم و بە زۆر بەسەر خەڵکی غەیرە موسڵماندا فەرزی بکەم**

**لە کۆی هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ٩٣٪ی پەیوەندی بە رەفتار و ئەخلاقەوە هەیە و تەنیا ٧٪ی پەیوەندی بە ئەحکامی عەمەلیی شەرعییەوە هەیە**

**سەلەفییەکان راست ناکەن کە دەڵێن ئێمە حزب دروست ناکەین و هەقی حوکم و دەوڵەتمان نییە، ئەم قسەیەی ئەوان تا ئەو خاڵە راستە کە فرسەتیان بۆ هەڵدەکەوێت، ئەگەر فرسەتیان بۆ هەڵکەوت، ناهێڵن لە غەیری خۆیان کەسی دیکە وجوودی هەبێت**

کوردستانیان هەڵخەڵەتاندووە و سەلەفییەکان راست ناکەن کە دەڵێن ئێمە حزب دروست ناکەین و هەقی حوکم و دەوڵەتمان نییە، ئەم قسەیەی ئەوان تا ئەو خاڵە راستە کە فرسەتیان بۆ هەڵدەکەوێت، ئەگەر فرسەتیان بۆ هەڵکەوت، ناهێڵن لە غەیری خۆیان کەسی دیکە وجوودی هەبێت، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو قسانەی کردوویانە سەلەفییەکان جێگەی خۆیان کردووەتەوە، دەسەڵاتی کوردستان مزگەوتیان دەداتێ، لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا جێیان بۆ کراوەتەوە و دەرس دەڵێنەوە، ئەوان لەم رێگەیەوە وردە وردە ژەهرەکەی خۆیان دەرێژن و خەڵك لە رووی نەفسی و عەقائیدییەوە بۆ هزری داعشی ئامادە دەکەن. باشە ئەو خەڵکانەی چوونە ناو داعش لە کوێوە چوون؟ ئایا لەناو شار و گوندەکانی کوردستان و عێراق و شام و میسر و وڵاتانی دیکەوە نەچوون؟ دیارە دەبێت خەڵکانێك لە کوردستان هەبن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە بنێرنە ناو داعش، بۆیە ئێمە پێمانوایە پێڕەوانی سەلەفییەت لەژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێت، هەر داعشە، لەمەش زیاتر دەتوانین بڵێین: هەموو سەلەفییەك داعشە، بەڵام هەموو داعشێك سەلەفی نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە داعشمان هەیە کۆنە بەعسییە بۆ مەرامی خۆی چووەتە ناو داعش، هەر بۆ نموونە ئەو بەناو مەلایەی کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە سەر شاشەکان ئیعتیرافاتی کردو ئێستا لای ئاسایشە و خۆی دان بەوەدا دەنێت کە داعشە و بەیعەتی بەوان داوە لە ساڵی ٢٠١٤وە، باشە سەلەفییە یان نە؟ هەتا کەسێکی باوەڕپێکراو بۆی باسکردم، کە بابەگەورەی ئەم تیرۆریستە سەلەفییە کە زانایەکی ئەهلی تەریقەت بوو، ١٥ ساڵ لەمەوپێش لە ماڵەکەی خۆی دەریکردووە و نەهێشتووە سەر بە ماڵەکەیدا بکات، چونکە ئەو پیاوە گەورەیە دەیزانی کە لە رەوتی سەلەفییە و چ ژەهرێك لە کوردستاندا بڵاودەکاتەوە.

*** ئەگەر بەراوردێکی دیکە بکەین، جیاوازیی نێوان پێڕەوانی ئیخوان موسلمین و سەلەفییەکان چییە؟ چونکە وتت سەلەفییەکان دژی ئیخوان موسلمینیشن؟**

- پێڕەوانی ئیخوان موسلیمین دەڵێن ئێمە وەك فیکر، فیکرێکی سەلەفیمان هەیە، بەڵام ئیخوان دوو قۆناغە، قۆناغی حەسەن بەننا و، قۆناخی سەید قوتب، قۆناخی حەسەن بەننا، سەردەمی عیرفانی بووە، تا رادەیەك بانگخوازێکی میانڕەوی عێرفانی بووە، بەڵام لە قۆناغی سەید قوتب لەبەر ئەوەی لەسەردەمی جەمال عەبدولناسر زیندانی دەکرێت، ئەویش بە هەمان شێوەی ئیبن تەیمیە کە لە زینداندا بووە، فەتواکانی ئاگرین و زۆر توندن، بۆیە سەید قوتبیش تەمسیلی سەرەتاکانی فیکرێکی داعشی دەکات، چونکە بە ئاشکرا لە دەیان جێگەدا لە نووسراوەکانیدا بەتایبەت (فی ظلال):» تەکفیری کۆمەڵگەو (تهجیل)ی کۆمەڵگە دەکات، چونکە بە دیدی ئەو حوکم بەو کتێبە ناکەن، کە خودا ناردوویەتە خوارەوە، بەو هۆیەوە دەسەڵات کافرە و ئەو گەلەش کە ئەو حکومە قبووڵ بکات، ئەویش کافرە، ئەمەش جۆرێکە لە فیکری داعشی، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێن، ئێمە لەگەڵ ئەو توندڕەوییەی سەید قوتب نین و، دەچینەوە سەر حەسەن بەننا، ئەم پیاوەش من وەك لە سەریم خوێندووەتەوە پیاوێکی سۆفیگەر و عیرفانی بووە.

*** لەو ماوەیەی ئیخوان دەسەڵاتی میسری کەوتە دەست، ئایا محەمەد مورسیش هەر وا توندڕۆ نەبوو؟**

- محەمەد مورسی نەیتوانی وەك پێویست ریفۆرم بکات و هەڵەی زۆریشی کرد، یەکێك لە هەڵەکانی ئەوە بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران رێککەوت و بۆ یەکەمجار لە دوای راگەیاندنی کۆماری ئیسلامییەوە یەکەم فڕۆکەی کۆماری ئیسلامی لە فڕۆکەخانەی ئەسوان نیشتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو کە کردی، هەروەها پەیوەندییەکانیشی لە تەك حزبی نوری سەلەفی میسری و سەلەفییەکانی میسر و خەلیجدا ئاشکرایە.

*** ئایا پێڕەوانی ئیخوان موسلیمین، سەرچاوەکانی سەلەفییەت رەتدەکەنەوە؟**

- بەشێك لەو سەرچاوانە وەردەگرن و بەشێکیشی خۆیان سەرچاوەی دیکەیان هەیە، وەك حەسەن بەننا، سەید قوتب، سەعید حەوا، فەتحی یەکین، یوسف قەرەزاوی، ئێستا قەرەزاوی لە ئیخوانەوە بەرەو سەلەفییەت و داعشییەت رۆیشتووە و فەتوای جیهادی لە شامدا بە ئاشکرا دا، لەسەر ئەم پرسە یەکگرتووەکان

**سەلەفییەکان جێگەی خۆیان کردووەتەوە، دەسەڵاتی کوردستان مزگەوتیان دەداتێ، لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا جێیان بۆ کراوەتەوە و دەرس دەڵێنەوە، ئەوان لەم رێگەیەوە وردە وردە ژەهرەکەی خۆیان دەرێژن و خەڵک لە رووی نەفسی و عەقائیدییەوە بۆ هزری داعشی ئامادە دەکەن**

**لەهەر وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامیدا، حزبێکی کۆمۆنیستی هەبووبێت، لەبەرامبەریدا حزبێکی ئیخوان موسلمینی بۆ دروستکراوە**

**لە کوردستاندا ئەم فیکرە داعشییە بوونی هەیە و لە یەک هەل و وەرچەرخانی بچووکدا دەبنە ئەو داعشەی کە خەڵکی سەردەبڕی**

**لە ناو فیکری سەلەفییەتدا، تاکتیک هەیە، نەک ستراتیژ، بۆیە ئەگەر هەتا ڕۆژی قیامەت کابرای سەلەفی بڵێ من بڕوام بە سیاسەت نییە، یان بڕوام بە پەرلەمان نییە، کە بۆی هەڵکەوت سیاسەت دەکات، کە بۆی هەڵکەوت دەبێتە پەرلەمانتار، سەلەفییەکان کە بۆیان هەڵکەوت تەکفیر و جیهاد دەکەن، بەڵام کە بۆشیان هەڵنەکەوت دادەنیشن و بەناو بانگخوازی دەکەن**

**ئەو مزگەوتەی لەسەر بنەمای خواپەرستی دادەمەزرێت و بۆ خواپەرستی گوتاری تێدا دەدرێت، ئەوا هەرگیز ئەو مزگەوتە توندڕەوی بەرهەم ناهێنێت، بەڵام ئەو مزگەوتانەی دوای دروستبوونی ڕەوتە ئیسلامییە جیهادییەکان پەیدابوون، یان ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە ئیستغلالیان دەکەن، بە ڕاستی ئەم مزگەوتانە بەکار دەهێنرێن بۆ کاری سیاسی و مەلاکانیشیان وەک کادری سیاسی گوتار دەدەن**

**سەلەفییەکان بڕوایان بە گۆڕستان نییە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوون چوون مەزاری شێخانی بیارەیان هەڵکەندەوە و خاپووریان کرد، بۆشیان هەڵبکەوێت لە هەر کاتێک و شوێنیکدا بێت، دووبارەی دەکەنەوە**

بوونەتە دوو بەرە، بەرەیەکیان لە کوردستانەوە پشتگیرییان دەکرد، هەتا لە خۆپیشاندانەکانی بەر دەرکی سەرای سلێمانی وێنەی محەمەد مورسییان بەرز دەکردەوە، یەعنی بێگانەپەرستییان گەیشتبووە ئەو ئاستە، بەڵام بەشێکیشیان زانییان فەتواکەی قەرەزاوی هەڵەیە، هەر بۆ نموونە کەسێکی وەك د.محەمەد سەعید ڕەمەزان بوتی کە کەسایەتییەکی عیرفانی بوو، دەیگوت: ئەمەی شام پێی ناگوترێت جیهاد، لەبەر ئەوەی کاتێك تۆ فەتوای جیهاد دەدەیت، کە بتوانیت بە جیهاد کێشەکە چارەسەر بکەیت، فەتوای جیهاد لە دژی ڕژێمی ئەسەد ئاسانە، بەڵام ئەسەد بە تەنیا نییە، ئەسەد ئێرانی لە پشتە و ڕووسیاش لە پشتی هەردووکیانە، بۆیە فەتوای جیهاد تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێت. بەهەرحاڵ قوتابخانەی ئیخوان موسلمینیش وەرچەرخانێکی دیاری پێوە دیارە و وەك ٧٠ ساڵ پێش ئێستا نییە کە مەرجەعێکی بەهێزی هەبێت، ئەوکات ڕۆژئاوا پشتگیری لێدەکرد بۆ دژایەتی کۆمۆنیست، لەهەر وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامیدا، حزبێکی کۆمۆنیستی هەبووبێت، لە بەرامبەریدا حزبێکی ئیخوان موسلمینی بۆ دروستکراوە.

*** ئایا دەکرێت بڵێین، بناخەی دروستکردنی موجاهید و ناردنیان بۆ ئەفغانستان لە ڕەوتی ئیخوان موسلمینەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- بێگومان ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هاندەری ئەوان بوون، ئەگەرچی لەناو خۆشیاندا خەڵکانێك هەبوون کە ئامادەباشییان بۆ جیهاد هەبووە، هەربۆیە ڕەوتێکی توندڕەویان لە ئیخوانەکان دروستکردو لە ڕێی «عبد رب الرسول و برهان الدین ربانی» کە بۆخۆیان لە ڕەوتی ئیخوان بوون، پاشان لە سعودییەوە لە ڕێگەی عەبدوڵا عەزامەوە کە ئیخوانی بوو، گرووپیان دەنارده ئەفغانستان، پاشان ئوسامە بن لادن و زەواهیری کە ئەوانیش هەردووکیان ئیخوانی بوون، پاشانیش ئەمانە لەلایەن سەلەفییە تازەکانەوە کە لە سعودیەوە پشتگیری دەکران بە ناو مجاهیدانی ئەفغانەوە دەنێردران بۆ ئەفغانستان و دواتر گرووپی دیکەی توندڕۆ دروستکران بۆ شیشان و داغستان، دەوڵەتانی بەڵکان، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە موبارەکی و ئاگاداریی ئەمریکا و ئامانجیش لەمانە دوای دژایەتیکردنی کۆمۆنیست، بۆ ئەوە بوو کە کێشە و پەرتەوازەیی لە نێوان موسڵماناندا دروست بکەن، عێراق و ئەفغانستان و شام و یەمەنیش باشترین شاهیدحاڵن.

*** ئاشکرایە دوای ئەوەی سۆڤیەتی پێشوو لە ئەفغانستان کشایەوە، ئوسامە بن لادن، ڕێکخراوی قاعیدەی ڕاگەیاند، ئایا قاعیدە مانای چییە؟**

- قاعیدە واتە بناغەی جیهاد، واتە بناغەی جیهاد لە ئەفغانستان لە عێراق لە هەر شوێنێك کە لقێکی ئەم ڕێکخراوەی تێدابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە بناغە پێویستی بە سەرکردە نییە، بۆیە بەم شێوازە گەنجێگی زۆریان هەڵخەڵەتاند. بن لادن پێیوابوو چۆن لە ئەفغانستان توانییان بەرەی ڕۆژهەڵات (کە سۆڤیەت نوێنەرایەتیی دەکرد) شکاندیان، بڕوای وابوو دەتوانێت بەرەی ڕۆژئاواش (کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات) ئەویش دەشکێنێت، بۆیە دوای دامەزراندنی قاعیدە، هەموو ڕۆژئاوای کردە ئامانج، هەتا لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ هەردوو باڵەخانەی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك تەقاندەوە، دوای ئەم کارەساتە کە ڕۆژئاوا ئەفغانستانی داگیرکرد، ڕێکخراوی قاعیدە لقەکانی عێراق و شام و بۆکۆحەرام و چەندین ناوی دیکەی دروست کرد، بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ لە ئەفغانستان بڵاوە پێبکات، کەواتە لقەکانی ڕێکخراوی قاعیدە هەر ناوێکی هەبێت، هەر داعشە، ئەم فیکرەش لە هەر شوێنێك بوونی هەبوو، تەنیا پێویستی بە یەك وەرچەرخانە لە ئاشتییەوە بۆ توندوتیژی، من پێموایە لە کوردستاندا ئەم فیکرە داعشییە بوونی هەیە و لە یەك هەل و وەرچەرخانی بچووکدا دەبنە ئەو داعشەی کە خەڵکی سەردەبڕی.

*** بە جۆرێك باسی حزبی سەلەفی و ئیخوانی دەکەیت، کە فرسەتیان بۆ هەڵکەوت، یان ئەو وەرچەرخانە ڕوویدا، دەبنە شتێکی دی، بەڵام ئێستا لەناو پەرلەمانی کوردستاندا نوێنەرانی حزبە سەلەفی و ئیخوانییەکان بوونیان هەیە، ئایا ئەمە جێگەی مەترسی نییە؟**

- من ڕاشکاوانە دەڵێم، ئێمە لە وەرچەرخان ئەمین نین، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٢

کە ئەو کات تەنیا بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوو، یەکگرتوو خۆی رانەگەیاندبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵەدا پشتگیریی بزووتنەوەی ئیسلامی کرد، کاتێك بزووتنەوەی ئیسلامی بەربەستی ٧٪ی تێنەپەڕاندو تەنیا نزیکەی ٥٪ی هێنا و نەیتوانی بچێتە ناو پەرلەمانەوە، پاشان پارتی بووە ٥١٪ و یەکێتی ٤٩٪، ئەوە بوو پەنجا بە پەنجایان راگەیاند، سەرکردەیەکی حیزبێکی ئیسلامی کە ئەوکات بەشێك بوو لە بزووتنەوە، کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی ( لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا)، بەم کتێبە تەکفیری هەر کەسێکی دەکرد کە دەچووە ناو پەرلەمان، ئەمە لەگەڵ ئەوەی چەند ئەندام پەرلەمانتارێکی ئەو سەردەمە مەلا و زانایانی ئیسلامی بوون کە لە رێگەی یەکێتی زانایانی ئیسلامییەوە پاڵێورابوون و بوونە پەرلەمانتار، ئەم تەکفیرکردنە تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە خۆیان نەیانتوانی بچنە ناو پەرلەمانەوە، ئەگەر وانییە ئەی بۆ بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کرد؟ یان بۆچی دواتر کە حزبێکی ئیسلامی جیهادی راگەیاند، پەرلەمان کە هەر پەرلەمانەکەی ١٩٩٢ە و هەمان پێڕەوی ناوخۆی هەیە، بۆچی ئێستا دەچنە پەرلەمان و خۆیان کافر نابن، ئەو کتێبەی کە ئەو برادەرە پەرلەمانی پێ تەکفیر دەکرد، لە کاتێکدایە کە بەرژەوەندییەکەی بەوجۆرە بووە کە خۆی لە دەرەوەی پەرلەمان بووە، بەڵام ئێستا کە دەتوانێت بچێت، شتێکی دیکە دەڵێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە لە ناو فیکری سەلەفییەتدا، تاکتیك هەیە، نەك ستراتیژ، بۆیە ئەگەر هەتا رۆژی قیامەت کابرای سەلەفی بڵێ من بڕوام بە سیاسەت نییە، یان بڕوام بە پەرلەمان نییە، کە بۆی هەڵکەوت سیاسەت دەکات، کە بۆی هەڵکەوت دەبێتە پەرلەمانتار، سەلەفییەکان کە بۆیان هەڵکەوت تەکفیر و جیهاد دەکەن، بەڵام کە بۆشیان هەڵنەکەوت دادەنیشن و بەناو بانگخوازی دەکەن.

*** ئەگەر بێینە سەر گوتاری مزگەوتەکان، دیارە ئێستا لە بەشێکی مینەری مزگەوتەکان هەندێك مەلا گوتاری توند دەدەن بە بیانووی ئەوەی ئەمە ئازادیی رادەربڕینە، ئایا ئەم گوتارە توندانەش هەر ئەو ژەهرە نییە کە لە کوردستاندا بڵاوی دەکەنەوە؟**

- مزگەوت دوو جۆرە، ئەو مزگەوتەی لەسەر بنەمای خواپەرستی دادەمەزرێت و بۆ خواپەرستی گوتاری تێدا دەدرێت، ئەوا هەرگیز ئەو مزگەوتە توندڕەوی بەرهەم ناهێنێت، بەڵام ئەو مزگەوتانەی دوای دروستبوونی رەوتە ئیسلامییە جیهادییەکان پەیدابوون، یان ئەو رەوتە ئیسلامییانە ئیستغلالیان دەکەن، بە راستی ئەم مزگەوتانە بەکاردەهێنرێن بۆ کاری سیاسی و مەلاکانیشیان وەك کادری سیاسی گوتار دەدەن، بۆیە ئەو مزگەوتانەی بە راستی خەڵك بۆ خواپەرستی رووی تێدەکات و مەلاکەش تەنیا لە پێناوی خوادا گوتار دەدات، دەبێت پشتگیری بکرێت، بەڵام ئەو مزگەوتانەی بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك و پەرتەوازەیی موسڵمانان بەکاردەهێنرێت، ئەمانە لە قورئانیشدا باسکراون و کاتی خۆی لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) خەڵکانێك مزگەوتێکیان بەرامبەر مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) کردبوووەوە بۆ ئەوەی خەڵك لە موسڵمانبوون پەشیمان بکەنەوە، خوای گەورە بە (مسجد الضرار) ناوی بردووە لە قورئاندا، لە ئایەتی ١٠٧ ی سوورەتی تەوبەدا، بۆیە دەبێت بەرامبەر ئەم جۆرە مزگەوتانە هۆشیار بین و دەبێت وەزارەتی ئەوقاف چاودێریی وردیان بکات. مەترسیی ئەم مزگەوتانە زۆر گەورەیە و لە هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانەش بوونیان هەیە، هەر بۆ نموونە چەند ساڵێك پێش ئێستا رۆژێکی هەینی من لە گوندی بارزان بووم، ئەو مەلایەی لە مزگەوتی بارزان گوتاری دەدا، سەلەفی بوو، لە بەرامبەر مەزاری مەلا مستەفا بارزانی دەیگوت، ئەوەی سەردانی گۆڕستان بکات و نزا بکات، کافرە، لە کاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان ساڵانە دەچن سەردانی مەزاری مەلا مستەفا بارزانی دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو خەڵکی کوردستان کافرە، چونکە دەچنە مەزاری پیاوچاکان و سەرکردەکان و پێشمەرگە شەهیدەکان بۆ مەبەستە شایستەکان. سەلەفییەکان بڕوایان بە گۆڕستان نییە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوون چوون مەزاری شێخانی بیارەیان هەڵکەندەوە و خاپووریان کرد، بۆشیان هەڵبکەوێت لە هەر کاتێك و شوێنێکدا بێت، دووبارەی دەکەنەوە، سەلەفییەکان بڕوایان بەوە نییە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر (د.خ) لە

**سەلەفییەکان بڕوایان بەوە نییە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە بکەن، ئەمە لە کاتێکدا هەموو شەوێک پێغەمبەر (د.خ) سەردانی گۆڕستانی بەقیعی کردووە کە بەرامبەر مزگەوتی مەدینە بووە**

**هەڵگرانی فیکری سەلەفی، مەلای مزگەوتێک بێت، حزبێکی سیاسی بێت، یان بانگخوازێک بێت، تەنیا پێویستیان بە یەک دەرفەتە بۆ ئەوەی ئاشتەوایی بگۆڕن بۆ توندڕەوی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی**

**قوتابخانەکانی تەریقەتی سۆفیگەرایی بڕوایان بە (حیکمەت و لۆژیک و فەلسەفە ) هەیە، بەڵام سەلەفییەکان بڕوایان بە (حیکمەت و لۆژیک و فەلسەفە) نییە و ئەم پرۆگرامەیان گۆڕیوە و ئەوەی ئەمانە بخوێنێت بە کافری دەزانن**

مەدینە بکەن، ئەمە لە کاتێکدا هەموو شەوێك پێغەمبەر (د.خ) سەردانی گۆڕستانی بەقیعی کردووە کە بەرامبەر مزگەوتی مەدینە بووە، ئەوان پێیانوایە کە مرۆڤ مرد، تەواو، هیچ پەیوەندییەکمان پێوەی نامێنێت، ئەمە خۆی بێ وەفایی و نەمانی ئەخلاقە، ئەگەرنا کە کەسێك کەسێکی لێ دەمرێت، دوای مردنەکەی پەیوەندیی گیانی دروست دەبێت و سەردانی گۆڕەکەی دەکرێت و خێر و سەدەقەی بۆ دەکرێت. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، هەڵگرانی فیکری سەلەفی، مەلای مزگەوتێك بێت، حزبێکی سیاسی بێت، یان بانگخوازێك بێت، تەنیا پێویستیان بە یەك دەرفەتە بۆ ئەوەی ئاشتەوایی بگۆڕن بۆ توندڕەوی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی.

*** پێش دروستبوونی ڕەوت و حزبی ئیسلامی، حوجرەی مزگەوتەکان بەشێك بوون لە سەرچاوەی خوێندن و پەروەردە و مەعریفە، مامۆستایانی ئایینی شاعیر و ئەدیب و پیاوی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بوون، پرسیار ئەوەیە بۆ ئەم میتۆدە نەبووەتە پرۆگرامی مەدرەسە ئیسلامییەکانی ئێستا بۆ ئەوەی ئەم میانڕەوییە بەردەوام بێت؟**

- ئەو پرۆگرامەی پێشتر لە حوجرەی مزگەوتەکان دەخوێندرا، پرۆگرامێکی ئەقڵی و نەقلی بوو، هەر بۆ نموونە ئێستاش پرۆگرامی مەدرەسەی بیارە ئەقڵی و نەقلییە، ئەم دووانە لە یەکتری جیاناکرێنەوە، قوتابخانەکانی تەریقەتی سۆفیگەرایی بڕوایان بە (حیکمەت و لۆژیك و فەلسەفە) هەیە، بەڵام سەلەفییەکان بڕوایان بە (حیکمەت و لۆژیك و فەلسەفە) نییە و ئەم پرۆگرامەیان گۆڕیوە و ئەوەی ئەمانە بخوێنێت بە کافری دەزانن.

*** پێشان بە مەلاکانیان دەگوت ١٢ عیلم، مەبەست لەو ١٢ زانستە چییە؟**

- مامۆستای ئایینی دەبێت خاوەنی کۆمەڵێك زانست بێت کە بریتین لە (نەحو، سەرف، لۆژیك، بەلاغە بە هەرسێ زانستەکەی (معان، بدیع، بیان)، حیکمەت و مقولات، فەلەك، حساب، تفسیر، حدیس، عقیدە، فقە و ئوسوولی فقە)، ئەم هەموو زانستە دەخوێندرا، بەڵام سەلەفییەکان دەڵێن نەخێر تەنیا (کتاب و سنە)، ئەوجا لەبەر ئەوەی سەلەفییەکان بڕوایان بەم زانستانە نییە، دەبینین هەر یەکەیان کەموکورتییەکی ئەقڵییان هەیە، هەر بۆیە زوو هەڵدەخەڵەتێن، پرسیار ئەوەیە ئایا کەسێك ئەقڵی تەواو بێت، خۆی دەتەقێنێتەوە؟ بۆیە لە قوتابخانە کۆنەکانی ئیسلامیدا خەڵکانی وەك (بێسارانی، مەحوی، نالی، خانی و جەزیری) بەرهەم دەهات، لەو قوتابخانانە زانستی ئەقڵی و زانستی نەقڵییش دەخوێندران.

*** هۆکار چییە، ئەم توراسەی حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان نەبووەتە پرۆگرامی خوێندنی ئیسلامی لە ئێستای کوردستاندا؟**

- بە ناو بووەتە بنەمای خوێندنی ئیسلامی، وەزارەت لیژنەیەك پێکدەهێنێت بۆ پرۆگرام، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە ئەندامانی ئەم لیژنەیە کێ بن، ئایا ئەندامانی ئەم لیژنەیە باکگراوندێکی عیرفانییان هەیە، یان سەلەفیی توندڕۆ، یان ئیخوانی، لەوانەیە ئێستا بڵێن وازمان لە سەلەفی، یان ئیخوان هێناوە، بەڵام ئەوەی مەبەستە ناخیەتی کە توندڕۆیی بەرهەم دەهێنێت، خۆ وازی لە ناخە توندڕۆیەکەی خۆی نەهێناوە، فەرموو سەیری بابەتی وانەی ئایین بکە لە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی ساڵی ٢٠١٨، لە بابەتی ئاییندا هاتووە: هەر کەس سوێند بە غەیری خوا بخوات، کافر دەبێت، ئایا منداڵێك لەسەر ئەم بنەمایە بە ئایینی ئیسلام پەروەردە بکرێت، کەسێکی توندڕۆی لێ دەرناچێت و باوك و دایك و خوشك و براکانی خۆی بە کافر نازانێت؟ بۆیە با لیژنەیەك تەنیا بۆ بابەتی وانەی ئایین پێکبهێنین و ئەندامەکانیشی پێویستە بزانین فیکری داعشییان تێدایە، یان نییانە.

*** ئەگەر بێینە سەر بوارەکانی خوێندنی باڵا بەتایبەتی لە هەردوو بواری وەرگرتنی ماستەر و دکتۆرا، ئاشکرایە بەشێکی زۆر لەوانە دەچنە وڵاتانی وەك سودان، ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا کادرێکی پێشکەتووی توندڕۆ بەرهەم ناهێنێت؟**

- ئێمە لەگەڵ ئەوە ڕەهاییە نەبووین کە وەزارەتی ئەوقاف بەو ڕەهاییە مۆڵەتی خوێندنی دەدا، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە فیکری توندڕۆ نەبێتە سەرچاوەی تەفسیری دەقەکان،

**لە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی ساڵی ٢٠١٨، لە بابەتی ئاییندا هاتووە: هەر کەس سوێند بە غەیری خوا بخوات، کافر دەبێت، ئایا منداڵێك لەسەر ئەم بنەمایە بە ئایینی ئیسلام پەروەردە بکرێت، کەسێکی توندڕۆی لێ دەرناچێت و باوك و دایك و خوشك و براکانی خۆی بە کافر نازانێت؟**

**دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری سنوورێك بۆ ئەو رادیو و تەلەفزیۆنانە دابنێت کە لە ڕۆژێکدا ٢٤ کاتژمێر ژەهری توندڕەوی بە ناوی ئازادی ڕادەربڕینەوە بڵاو دەکەنەوە**

**ئەو کتێبخانانەی لە شارەکاندا کە ئەو کتێبانە دەفرۆشن و خودی کتێبەکان ئەو ژەهرانەن کە لە کۆمەڵگە بڵاودەکرێنەوە، دەبێت سنووریکیان بۆ دابنرێت و ڕێگە نەدرێت ئەو کتێبانە بفرۆشرێت**

ئێستا ئەو ستافەی ئێمە نەبێت کە کۆلێژی شەریعە، لەوانەبوو کۆلێژی شەریعەش بکەوتایە مەترسییەوە، پرسەکە ئەوەیە تۆ چۆن تەفسیر بۆ کتێب و سوننەت دەکەیت، ئەوکاتە دەردەکەوێت کە تۆ فیکرێکی داعشی بەرهەم دەهێنێت، یان فیکرێکی عیرفانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەندێك ئەحکام لە قورئاندا هەیە بۆ کاتێکی دیاریکراو هاتووە و هۆکاری هاتنەخوارەوەکەی ئەمەیە، ئێمە ئەمە گشتگیر ناکەین بۆ دوای ١٤٠٠ ساڵ، کە گشتگیرت کرد، ئەوا مانای ئەوەیە تۆ فیکرێکی داعشیت بەرهەمهێنا، بۆیە گرنگە بایەخ بەوەش بدرێت و بزانرێت، هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لەکوێ و چۆن بڕوانامەکانیان وەردەگرن.

*** با دوایین پرسیارمان ئەوە بێت، چۆن دەتوانین سنوورێك بۆ فیکری توندڕەوی لە کوردستان دابنێین؟ ئایا دەبێت لە کوێیەوە دەست پێ بکەین؟**

- چارەسەر بە بڕوای من یەك شتە، ئەویش ئەوەیە کە لیژنەیەکی زانستی دروست بکەین، ئەم لیژنەیە ئەندامەکانی خەڵکانی پسپۆڕ و نیشتمانپەروەر بن، پێداچوونەوە بە پرۆگرامی خوێندنی هەموو قوتابخانە ئیسلامییەکاندا بکەنەوە، زۆر پێویستە دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن بکرێت و لە فیکری سەلەفییەت پاك بکرێنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەدەبیاتی سەلەفییەت داعش بەرهەمدەهێنێت، دوای پرۆگرامی خوێندن دەبێت ئەو کتێبخانانەی لە شارەکاندا کە ئەو کتێبانە دەفرۆشن و خودی کتێبەکان ئەو ژهرانەن کە لە کۆمەڵگە بڵاودەکرێنەوە، دەبێت سنوورێکیان بۆ دابنرێت و رێگە نەدرێت ئەو کتێبانە بفرۆشرێت، لەسەر ئاستی هۆیەکانی راگەیاندن بە بینراو و بیستراوە، دەبێت وەزارەتی رۆشنبیری سنوورێك بۆ ئەو رادیو و تەلەفزیۆنانە دابنێت کە لە رۆژێکدا ٢٤ کاتژمێر ژەهری توندڕەوی بە ناوی ئازادی رادەربڕینەوە بڵاو دەکەنەوە. گرنگە پشتگیری ئەم لیژنەیە بکرێت و راسپاردەکانیان جێبەجێ بکرێت، ئەگەر ئەمە نەکەین، جارێکی دیکە دەبێت لە مەترسیی ئەو وەرچەرخانەدا بین کە لە هەر کاتێك رووبدات، ئایندەی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە.



پرۆ فایل:


پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر حەسەن خالید موستەفا مەحمود موفتی نەقشبەندی، بڕوانامەی دکتۆرای لە فیقە و ئوسوولی فیقهی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەددین-ی هەولێر بە پلەی ئیمتیاز وەرگرتووە. هەڵسەنگاندنی بۆ دەیان توێژینەوەو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە ناوەوە دەرەوەی وڵات کردووە. سەرپەرشتیاری گشتی و پاشان سەرنووسەری گۆڤاری (پەیرەو) (المنهج) بووە بە هەردوو زمانی کوردی عەرەبی کە ٦١ ژمارەی لێ دەرچووە. لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوایە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و لە ساڵی ٢٠١٠وە ئەندامی رابیتەی زانایانی ئەزهەرە و ئەندامی دامەزرێنەری (بۆرد)ی مافی چارەی گەلی باشووری کوردستانە لە یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان. هەروەها ئەندامی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی رێکخراوی سەلاحەددینی ئەییوبییە و لە ساڵی ٢٠١٣ پلەی زانستیی پرۆفیسۆری یاریدەدەری لە زانکۆی سەلاحەددین-ی هەولێر وەرگرتووە.

# کە دەچین بۆ بەغدا لەبیرمان نەچێت کوردستان نیشتمانە

بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان پێویستە هەڵسەنگاندنمان هەبێت لەسەر تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوخۆی کوردستان و سەرتاسەری عێراق و ناوچەکەدا بوونیان هەیە؛ چونکە پرۆسە سیاسییەکەی کوردستان بووەتە بەشێك لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، هاوکات بەدوور نییە لە کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا روودەدەن، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەگەر لە شوێنێکی تایبەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەیرانێك بکەوێتەوە، هەر زوو دەبێتە قەیرانێکی تەواوی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستێك کە بەردەوام لە چاوگەکانی شەڕو پێکدادانەکانە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە لەناوچەیەکدا کە بووەتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی وڵاتانی هەرێمی و زلهێزەکانی نێودەوڵەتی، لەم روانگەیەوە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان لەم کێشمەکێشانە دانەبڕاوە، کاتێکیش باسی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا دەکەین، هەڵبەتە تایبەتمەندێتیشی هەیە لە پرۆسەی سیاسیی هەموو عێراق، ئەم تایبەتمەندێتییەش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ی رووخانی رژێمی بەعس دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو لە دوای راپەڕینی شکۆمەندی ئازاری ١٩٩١ ـەوە پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بووەتە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆی و بە وەرچەرخان و هەلومەرجی جیاوازدا رۆیشتووە، بگرە لەساڵی ٢٠٠٣ جۆرێك لە تێکەڵبوونەوە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دروست بووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هەمووان خەونیان بە عێراقێکی نوێ و ئاشتیخوازەوە دەبینی، بیرۆکەی دەوڵەتێکی تازە کە گرفتەکانی حکومەتەکانی پێش خۆی تێپەڕێنێت و گەلانی عێراق بە ئاشتیانە بژین و هاوبەش بن لەحوکمڕانیدا، لەم روانگەیەوە پرسی فیدراڵییەت خرایەڕوو تەنانەت لەدەستووردا چەسپێنرا، هەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەم بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گەلانی عێراق. بەمشێوەیە کاتێك لە عێراقی نوێدا فیدراڵیەت چەسپێنرا و بە دەستوور پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق رێکخرایەوە، هەموو ئامانجەکان بەو ئاراستەیە رۆیشت کە باشووری کوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، هاوکات رێگای چارەسەریش دانرا بۆ ئەو گرفتانەی لەنێوان هەردوو لادا هەیە، تاوەکو بەپێی گفتوگۆ هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە بگیرێتەبەر. بەتایبەتی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە دەستووردا بە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ ناوی هێنراوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەم ناوچانە کوردستانین و رێژەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی تەنانەت دوای پرۆسەی تەعریبیش هەر بە کوردنشین ماونەتەوە، بەڵام ئایا دوای تێپەڕبوونی ئەم ساڵانە ئەم ویستە سیاسییانە هاتەدی؟!

پرسیاری گرنگ لێرەدا کە پێویستە لایەنە کوردستانییەکان لە خۆیانی بکەن، ئەوەیە: ئەو پرۆسە سیاسییەی کە لە ٢٠٠٣وە دەستی پێکردووە، هەر وەکو خۆی بەردەوامە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە، یاخود بە ئاراستەی ئەو عێراقەدا دەچێت کە لەسەر بنەمای بونیادنانەوەی عێراقێکی نوێ و دیموکراتی بەرەوپێش دەچێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی

**ناکرێت دەسەڵاتی حکومەت لە هەولێر بێت و لە سلێمانی و کەلار و خانەقین نەبێت، ناکرێت ئەوەی لەو لایە، دەسەڵاتی لە زاخۆ و دهۆک و هەولێر نەبێت، دەبێت کۆتایی بە دابەشکردنی زۆنەکان لەسەر بنەمای دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بهێنین**



**دکتۆر کاوە مەحمود**
**سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەم پرسیارە پێویستە باس لە وردەکارییەکانی هێڵە سەرەکییەکەی تابلۆی سیاسی لە عێراقدا بکەینە، کە بێگومان لە دوای ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٨ گۆڕانکاریی گەورەو بنەڕەتی بەسەردا هاتووە.

پێشتر باسی ئەوە کرا کە پێویستە گرفت و قەیرانی دەوڵەت چارەسەر بکرێت، کەچی ئێستا قەیرانی دەوڵەت لە عێراقدا قووڵتر بووەتەوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی ئاسایی بوو، چونکە ئەمە قەیرانێکی بوونیەوییە و پەیوەندی بە دروستبوونی هەیکەلی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، قەیرانەکەش کوشندەتر بوو، کاتێك کوردستانی باشوور لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقەوە، بە درێژایی ئەو مێژووەش بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و مرۆیی زیاتر بووە، هەموو ئەو شەڕانەی لەشەڕی بەردەقارەمانەوە تاوەکو شاڵاوەکانی سالانی ١٩٤١ و ١٩٤٣ ی سەر ناوچەی بارزان و شاڵاوی ١٩٦١ و شۆڕشی ئەیلوول و ژینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و پەلاماردانی ئێران و کوێت و پەلاماردانی خەڵکی ناو عێراق بەگشتی و چەندین ماڵوێرانی دیکە کە هەر هەمووی قەیرانی دەوڵەتی عێراقە کە نەك لەگەڵ دراوسێکانی ناگونجێت، بەڵکو لە ناوخۆشدا زەمینەیەکی باش دروست نەبووە بۆ پێکەوەژیان. کاتێك لە ٢٠٠٣ هەلێك هاتە پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە لە ٢٠١٨ دەرکەوت کە نەك هەر چارەسەر نەبووە و بگرە ئاڵۆزتر بووە، تەنانەت دەستووریش بە سەقەتی لەدایکبوو، کاتێك جۆرێك لە سازشکردنی تێدا بوو، ماددە دەستوورییەکان لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و هەندێك بنەما هەیە نەك هەر چارەسەر نەکراوە، بەڵکو بەشێوەیەك دانراوە کە عێراق نەیەوێت جێبەجێیان بکات، کاتێکیش باس لە دادگای فیدراڵی دەکرێت کە لەپێش لەدایکبوونی دەستوور ئەم دادگایە دروست بووە، ئەمیشیان نەك تەنیا هەر بە سیاسی کراوە، بەڵکو شەرعییەتیشی نییە، هەر بۆیە سەرجەم بڕیارەکانی ئەو دادگایە ئارەزووییەکی سیاسی لە پشتەوەیە، هەر لە بڕیارەکانی دەستنیشانکردنی قەوارەی گەورە بۆ دوورخستنەوەی عەلاوی تاوەکو بڕیارەکانی دیکە کە پەیوەندی بە ریفراندۆم و مافی پێکهاتەکانی گەلانی عێراقەوە هەیە، کە دوورە لە ویستی پێکهاتەکان. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێك پرەنسیپ هەیە کە لە هەموو دەستوورەکاندا هەیە، یەکێك لەو پرەنسیپانە ئەوەیە کە نابێت میلیشیاتی تائیفەگەری دروست بێت، کەچی لە عێراق حەشدی شەعبی دروست بوو، یەکێك لە پرەنسیپەکانی دیکە ئەوەیە کە دەبێت دۆخی یاسایی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت و هێزی پێشمەرگە بەشێك لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق بێت، بەڵام بە تەواوی پشتگوێ خراوە. هەر لەناو دەستوورەکەدا کۆمەڵێك مادە کە پەیوەندی بە مافی مرۆڤ و پێکهاتەکانەوە هەیە، بە سەقەتی نووسراوە. بەمشێوەیە ئەم ئیشکالیاتانەی کە لەناو دەوڵەتی عێراقدا هەیە، ئیشکالیاتێکی کوشندەیە و دەچێتە خانەی دەوڵەتی فاشیلەوە و خودی دەوڵەتەکە توانای بەردەوامبوونی نییە.

لەم هەلومەرجەی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، دەبێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پرسیار لەخۆیان بکەن و لەگەڵ گەلی کوردستان

**ئێمە وەکو حزبی شیوعی لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم نەبووین، تەنانەت بیر لەوە دەکرێتەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانیش دوابخرێت، کە ئێمە لەگەڵ ئەمەشدا نین، چونکە ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە شێوازێکی شەرعی بۆ بدۆزرێتەوە، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە پەکخستنی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە هەیە**

قسە بکەن، بەوەی ئایا ئەم پرۆسە سیاسییە پرۆسەی سیاسیی کوردستانە، یاخود پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەیە کە لەناو دەوڵەتی عێراقدا بوونی هەیە؟ ئایا لەم حاڵەتەی ئێستای عێراقدا لەتوانادا هەیە لەگەڵ ئەم پرۆسە سیاسییەدا بەردەوام بین؟ خۆ بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەر ئەوە نییە، قبووڵ بکەن بەشدار بن لە حکومەتێکدا کە حکومەتی زۆرینەیە و پشت بە فەتوای دینی دەبەستێت و بڕیاری دەرەوەی سنوورەکان جێبەجێ دەکات، ئایا کێشەی سوننەو شیعە چارەسەر بووە، یاخود پاکتاوکردنی مەزهەبی هێشتا بەڕێوەدەچێت؟ لەمەدا کورد گوناهی چییە تێکەڵ بەو ململانێ خوێناوییە مێژووییە بکرێت، بەداخەوە تا ئێستا ناوەڕۆکی ئەم پرسیارە گرنگانە لەلایەن لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانەوە بێ وەڵامە. بە بڕوای من ئەو پرۆسە سیاسییەی کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ٢٠٠٣وە لەگەڵ عێراقدا تێکەڵی بوون، ئێستا لە تونێلێکی داخراودایە، چونکە شانسی دامەزراندنی عێراقی نوێ لەسەر شێوازێکی دیموکراتییانە کۆتایی هاتووە، ئەوەش پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا نەك بەرەوپێشەوە نابات، بەڵکو دەکەوێتە ناو دەیان گرفتی دیکەوە. خۆپیشاندانەکانی ئێستا تەنیا مەسەلەی نەبوونی خزمەتگوزاری نییە بەڵکو بۆ ئەو بەهەدەردان و گرفتانە دەگەڕێتەوە کە لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا نزیکەی ٨٠٠ ملیار دۆلار خەرج کراوە، واتا لە ٩٩٪ی داهاتی ناوخۆ بەهەدەر دراوە، یاخود بە خراپ خەرج کراوە، کاتێکیش تەماشای داواکاری خۆپیشاندەرانی ئێستای عێراق دەکەین، بەئاشکرا نارەزایەتی لە کۆی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق هەیە، چونکە پرۆسە سیاسییەکە لەسەر بنەمای هەڵخەڵەتاندنی خەڵك دامەزراوە و (ئازادی ئایینی هەیە - بچن بۆ شیوەنی حوسێن و لەخۆدانی عاشورا)، بەڵام با خەڵکی تووشی شەڕی تایفەگەری و تیرۆر بێت- لە بەسرە داوای هەرێمی بەسرە و گۆڕینی دەستوور دەکەن و داوا دەکەن سیستەم لە پەرلەمانییەوە ببێتە سەرۆکایەتی.

عێراق پێویستی بە گەشەپێدانێکی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێکەوە بژین، لەغیابی ئەم گەشەپێدانەدا زەحمەتە کۆتایی بە کێشەکانی عێراق بێت و شێوازی فیدراڵییەت جێبەجێ بکرێت. بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە نە سیستەمی سیاسیی عێراق دیموکراتییە، نە پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ بەغدا پەیوەندییەکی ئارەزوومەندانەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ٩٣٪ی خەڵکەکە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئا لێرەدا دەبێت لایەنە سیاسییەکان وەکو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانی مامەڵە بکەن بە هەموو بیروباوەڕەکانی نەتەوەیی و مارکسی و چەپ و ئیسلامی، هەر هەموو ئەو بیروباوەڕانە لەناو چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی کۆدەبنەوە، دوور لە هەڵوێستمان بەرامبەر بە ریفراندۆم و دەرئەنجامەکانی و دواتر چی رووەدات و چی روونادات، گرنگ ئەوەیە لە دوای ریفراندۆم مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بوو بە بابەتێك لە قۆرخکاری حزبە سیاسییەکان دەرچووە و بووەتە دۆزێکی رەوای نەتەوەیی. ئەم لایەنە سیاسییە کوردستانییانە دەبێت ئەم دۆزە نیشتمانی و نەتەوەییە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بە هەند وەربگرن و بیر لەوە بکرێتەوە چۆن موقاوەمەتی خەڵك بەردەوامبوونی دەبێت بۆ پاراستنی مافە نیشتمانییەکان، لەمەشدا ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە سەرەکین لە دەسەڵاتدا بەوەی پێویستە هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی لەبار دروست بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانێت گیانفیدایی تێدابێت، ئەمەش جێبەجێ نابێت، تاوەکو داواکارییەکانی خەڵك جێبەجێ نەکرێت، چونکە دۆزی رەوای نیشتمانی دۆزی خەڵکە، نەك حزبە سیاسییەکان، خەڵکی بەوەی بتوانێت بەرگری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات و رۆحیەتی موقاوەمەی بەرز بێت و تێبکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، ئەرکی سەرشانی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە زەمینەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی لەباری بۆ دروست بکەن. کاتی ئەوە هاتووە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە قۆناغی موزایەدە دەربچن، بۆ نموونە کاتێك باسی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکرێت، گەندەڵی تەنیا کەسایەتی نییە، بوترێت دژی رادەوەستێتەوە، بەڵکو مەسەلەی گەندەڵی پەیوەندی بە سیاسەتی ئابووری وڵاتەوە هەیە، چونکە ئەو سیاسەتە ئابوورییەی پیادە دەکرێت، زۆربەی جارخۆی گەندەڵی دروست دەکات، بۆ نموونە سیاسەتی ئابوورییە وایکردووە سەرمایەدارییەکی وابەستە لەکوردستاندا دروست بێت کە لە خزمەتی بورژوای مشەخۆردایە و لە بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا خزمەتی دۆزە

**سیاسەتی ئابوورییە وایکردووە سەرمایەدارییەکی وابەستە لەکوردستاندا دروست بێت کە لە خزمەتی بورژوای مشەخۆردایە و لە بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا خزمەتی دۆزە رەوای گەلەکەمان ناکات**

**لە دوای ریفراندۆم مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بوو بە بابەتێک لە قۆرخکاری حزبە سیاسییەکان دەرچووە و بووەتە دۆزێکی رەوای نەتەوەیی. ئەم لایەنە سیاسییە کوردستانییانە دەبێت ئەم دۆزە نیشتمانی و نەتەوەییە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بە هەند وەربگرن**

**عێراق پێویستی بە گەشەپێدانێکی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێکەوە بژین، لەغیابی ئەم گەشەپێدانەدا زەحمەتە کۆتایی بە کێشەکانی عێراق بێت و شێوازی فیدراڵییەت جێبەجێ بکرێت**

ڕەوای گەلەکەمان ناکات. ئالێرەوە پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەستبکەن بە دانوستاندن بۆ دۆزینەوەی وەڵامە ئاڵۆزەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کە ڕۆژانە ڕەوشی سیاسی دەیخاتەڕوو. بۆ نموونە ئێستا کە لایەنە سیاسییەکان دەچنە بەغدا بۆ ئەوەی لەناو پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا بەشدار بن، ئەو پرۆسە سیاسییەی کە داهاتووەکەی ڕوون نییە بۆ ئێمەی کورد چی لێ بەدەست دەهێنین، دەبێت جەماوەری نەتەوەکەمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین، تاوەکو پێی بڵێین دەچین بۆ بەغدا بۆ تێکۆشان نەك بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان، ئەمە شێوازێکی نوێی ململانێیە، دۆزی ڕەوای گەلەکەمان تەنیا دۆزی کورد نییە، دۆزی هەموو کوردستانە و کاتێك دەچینە بەغدا دەبێت هەموو لایەن سیاسییەکان ئەوەیان لەبیر بێت کە کوردستان نیشتمانە، بەپێچەوانەوە ئەگەر وەکو حزب و بزووتنەوە و گرووپی جیاجیا بچنە بەغدا، ئەوا تووشی شکستێکی زۆر گەورە دەبین. یەکێکی دیکە لە پرسیارەکان باسکردنی فیدراڵییەتە بەوەی بانگەشەی ئێمە بۆ فیدراڵییەت هەلێکە بۆ بەردەوامبوون لە هاوبەشی لە عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزوومەندانە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو فیدراڵییەتە بە تونێلێکی داخراودا دەڕوات و چارەسەری پەیوەندیی کوردستانی باشوور وعێراق ناکات، کاتێك وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەمان لەبەردەمدا بێت، دەتوانین لەگەڵ هۆکاری نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ مامەڵە بکەین، ئەم مامەڵەیەش ناکرێت مامەڵەی حزبی بێت، دەبێت مامەڵەی دامەزراوەیی بێت و بڕیارەکان لەلایەن هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو لە پرۆسە سیاسییەکەدا گەڵاڵە کرابێت.

بەمشێوەیە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان دەبێت مەرجەعی سەرەکیی ئێمە بێت، ئەگەر بڕوامان بە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان هەبێت، ئەمە دەبێتە چەقێك کە هەمووومان لە دەوری کۆدەکاتەوە، کۆمەڵێك میکانیزمیش بۆ سەرکەوتنی ئەم ئامانجە پێویستە، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، چۆن ژیانی سیاسیی خۆمان ڕێك بخەین و دامەزراوەکانمان بەگەڕ بخەینەوە کە کارەکانی خۆیان بکەن. بۆ نموونە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم دواخرا، کە ئێمە وەکو حزبی شیوعی لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم نەبووین، تەنانەت بیر لەوە دەکرێتەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانیش دوابخرێت، کە ئێمە لەگەڵ ئەمەشدا نین، چونکە ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە شێوازێکی شەرعی بۆ بدۆزرێتەوە، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە پەکخستنی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە هەیە، کە ئێمە زۆر پێویستمانە، کاتێکیش ئەم دامەزراوانە بەهێز دەبن و دەتوانن ئامانجەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەگەر لەسەر بنەمای فیکری کوردستانیی دامەزرابێت، خەڵکیش لەم دۆزە ڕەوایەدا دەبێتە لایەنێکی بەهێزی سەرجەم پرۆسەکە و کەس ناتوانێت وا بەئاسانی بە ئارەزووی خۆی باسی سەربەخۆیی بکات، هەروەکو چۆن ئێستا پرسی سەربەخۆیی پرسێکی لایەنێکی سیاسیی کوردستانی نییە، بەڵکو پرسێکی نیشتمانییە و دەبێت لەهەموو کاتێکدا لەبەرچاومان بێت، بۆیە وتم کە دەچین بۆ بەغدا لەبیرمان نەچێت کوردستان نیشتمانە و بەرژەوەندییەکی نیشتمانی باڵامان هەیە و بنەمایە بۆ پەیوەندییەکانمان و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی خۆمان، ئەمەش وامان لێ دەکات هەنگاو بنێین لە عەقڵییەتی دەسەڵاتەوە بۆ عەقڵییەتی دەوڵەت، چونکە تا ئێستا لە کوردستانیش بە هاوشێوەی عێراق یەکبوون نییە لەم حکومەتە، بەڵکو دەسەڵات هەیە و هەر دەسەڵاتەکانیشە ناوەندی حکومەتەکەی لاواز کردووە، مەبەست لێرەدا حکومەتێکی مەرکەزی نییە، بەقەد ئەوەی مەبەست لە حکومەتێکی بەهێزی دیموکراتییە. ناکرێت دەسەڵاتی حکومەت لە هەولێر بێت و لە سلێمانی و کەلار و خانەقین نەبێت، ناکرێت ئەوەی لەو لایە، دەسەڵاتی لە زاخۆ و دهۆك و هەولێر نەبێت، دەبێت کۆتایی بە دابەشکردنی زۆنەکان لەسەر بنەمای دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بهێنین. ئەمە خەلەلی نەك تەنیا حکومەتییە، بەڵکو خەلەلی بیر و بیرکردنەوەی حزبییانەشە، ئالێرەدا دەبێت جەماوەر بە شێوازێکی دیموکراسی بکرێتە دادوەر، نەك بە ڕێگای توندوتیژی کە گەڕانەوەیە بۆ دروستبوونی میلیشیات و پێکدادانی ناوخۆیی..

لەم هەلومەرجەی ئێمە پێویستی بە بەرنامەی سیاسی هەیە، کە هەنگاوەکانمان ئاراستەکەی دیار بێت و بتوانین بە سەر تەحەددییەکاندا زاڵ بین و بەربەستەکان بە شێوەیەك بڕەوێنینەوە کە لەخزمەتی دۆزە نیشتمانییەکەماندا بێت. دەبێت ئێمە لەقۆناغی فرەدەسەڵاتییەوە هەنگاو بنێین بۆ قۆناغی یەك حکومەتی بەهێز، چونکە بوونی حکومەتێکی بەهێزی نیشتمانی هەنگاونانە بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی نیشتمانەکەمان کە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانە.

**ئەو پرۆسە سیاسییەی کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ٢٠٠٣وە لەگەڵ عێراقدا تێکەڵی بوون، ئێستا لە تونێلێکی داخراودایە، چونکە شانسی دامەزراندنی عێراقی نوێ لە سەر شێوازێکی دیموکراتییانە کۆتایی هاتووە**

**بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەر ئەوە نییە، قبووڵ بکەن بەشدار بن لە حکومەتێکدا کە حکومەتی زۆرینەیە و پشت بە فەتوای دینی دەبەستێت و بڕیاری دەرەوەی سنوورەکان جێبەجێ دەکات**

**تەنانەت دەستووریش بە سەقەتی لەدایکبوو، کاتێک جۆرێک لە سازشکردنی تێدا بوو، ماددە دەستوورییەکان لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و هەندێک بنەما هەیە نەک هەر چارەسەر نەکراوە، بەڵکو بەشێوەیەک دانراوە کە عێراق نەیەوێت جێبەجێیان بکات**

دیمانەی تایبەت



## نادر هاشمی

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تاریکترین و نائومێدترین ساتەوەختدا تێدەپەڕێت

**نادر هاشمی پرۆفیسۆری سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیسلامییە لە قوتابخانەی جۆزێف کەربوڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر، بە هەمان شێوە بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. تایبەتمەندە لە کاروباری ئیسلامییەکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و دیموکراسی، عەلمانییەت، سیاسەتی بەراوردکاری و تیۆری سیاسی و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هۆکارو فاکتەرەکانی ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییەی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە ئاست ئێران و چەند پرسێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت و چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە هەیە؟**

- ئەگەر بە خێرایی هەڵسەنگاندنێك بۆ هەلومەرجی ئێستا بکەم، ئەوا من پێموایە ئەمە تاریکترین و نائومێدترین ساتەوەختە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، ئەگەر من ئاوڕ لە ژیانی خۆم بدەمەوە، ئەوا هیچ کاتێك وەك ئێستا بێ هیوا نەبووم لەو بارودۆخە سیاسییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتەئاراوە.

*** باشە ئەم رەشبینییە بۆچی دەگەڕێتەوە و چ پەرەسەندنێك وای لە ئێوە کردووە ئەم تێڕوانینەتان لا دروست بێت؟**

- من دەڵێم تۆکمەبوون و باسك ئەستوربونی رژێمە خۆسەپێنەکان ئەو پەرەسەندنەیە کە مایەی زۆرترین نیگەرانییە، چونکە لە هەر دەوڵەتێکی ئەم ناوچەیە بڕوانیت، لە ئیسرائیلەوە بۆ تورکیا و بۆ سعودیە و بۆ ئیمارات، دەبینیت رژێمەکانیان بەرەو سەرکوتکاری زیاتر دەچن و سەختیگرانەتر هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەکانیان و بۆ برەودان بە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە ناوچەکەدا. پێموایە دەرئەنجامی ئەم هەوڵانەش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە دیموکراسیخوازەکان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکەدا دووچاری سەرکوتکاری و زیندانیکردن و ترساندن و تۆقاندن بوونەتەوە، هەمو ئەم فاکتەرانە پێکەوە هۆکاری ئەوەن کە من بەو رەشبینییە لە دۆخەکە بڕوانم.

*** کەواتە رەوایە بڵێین کە هۆکار، یان بەرپرسیارێتی سەرەکیی دروستبوونی ئەم بارودۆخە لە ئەستۆی رژێمەکانی ئەم ناوچەیەدایە؟**

- بە باوەڕی من رژێمە خۆسەپێنەکان بەرپرسیار و هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەم دۆخەن، بە هەمان شێوە دەستتێوەردانی دەرەکیش- بە شێوەیەکی سەرەکی ئەمریکا و رووسیا و بە ئەندازەیەکی کەمتر یەکێتی ئەوروپا- بەرپرسیارن لەو پشێوی و ناسەقامگیرییەی لە ئێستادا باڵی کێشاوە بەسەر ئەم ناوچەیەدا.

*** باشە دەکرێت بڵێین ئێمە لە نێو گێژاو و تەنگژەیەکداین و مەحکومین بەوەی کە لە سایەی ناسەقامگیری و نائارامی و دۆخێکی ناهەموار و نالەباردان بژین؟**

- من دووپاتی دەکەمەوە ئەو دۆخەی دروست بووە، ئاکام و دەرهاویشتەی حوکمڕانیی نوخبەی دەسەڵاتدارانە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەدا ئامادە نین دەسەڵات دابەش بکەن، ئامادە نین دەستبەرداری دەسەڵات بن. لەوەش زیاتر هاوپەیمانێتی لەگەڵ رژێمە هاوشێوەکانی خۆیان دەکەن لە ناوچەکەدا و بگرە هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەند کاراکتەرێکی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەکەن، بۆ ئەوەی باشتر پشتیوانیان لێبکرێت و بۆ ئەوەی خۆسەپێنییەکەیان زیاتر قووڵ بکەنەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو کەسانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ئەندازەیەکی زیاتری بەرپرسیارێتی بارودۆخەکە هەڵدەگرن، بەراورد بەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتدان، کەواتە نابێت وەك یەك لە هەموان بڕوانین و پێموایە دەبێت ئاستی جیاوازی

**سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما واقیعیبینانەتر بوو، چونکە کاتێک بواری ئەوەی دا سزاکان لەسەر ئێران هەڵبگیرێت، بووە هۆی ئەوەی دۆخی چینی ناوەڕاست لە ئێران باشتر بێت و بەو پێیە بتوانن پتر خۆیان سازبکەن و خۆیان بۆ هێنانەدای ئاڵوگۆڕێکی لەسەرخۆ بەرەو دیموکراسی رێکبخەن**

بەرپرسیاریێتی لەبەرچاو بگرین.

*** ئێوە زۆر جەختتان لەسەر بەرپرسیاریێتی ڕژێمە خۆسەپێنەکان کردەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە زۆربەی بزووتنەوە جەماوەری و بەرهەڵستکارییەکانیش، وەك ئەوەی لە بەهاری عەرەبیدا بینیمان، نەبوونەتە هۆی ئەوەی حوکمرانیی باشی لێ بکەوێتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. من دەڵێم زەحمەتە بتوانین بە یەك شێوە لە هەموو ئەو وڵاتانە بڕوانین کە بەهاری عەرەبییان تێدا ڕوویدا، چونکە دەکرێت ئێمە حاڵەتی تونس بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لێك بکەینەوە، بەڵام لەو وڵاتانەی دیکەدا ڕژێمە خۆسەپێنەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا لەبەر ئەوەی شۆڕشی پێچەوانەیان بەرپاکرد، بۆ تێکشکاندنی ئەگەری گۆڕانکاریی سیاسی، بۆ نموونە لە میسردا سوپا بە هاوکاری ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکە بەهاری عەرەبیی لەو وڵاتەدا تێکشکاند. لە سووریاشدا ڕژێمەکەی ئەسەد بە هاوکاریی ڕووسیا توانی ئەو بەرهەڵستکارییە تێکبشکێنێت، لێرەدا کە دەڵێم بە هاوکاری دەرەکیی ڕووسیا، ئەوا ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئەسەد خۆی بەرپرسیاریێتی سەرەکیی ئەو پشێوییەیە کە لە وڵاتەکەیدا لەئارادایە. لە وڵاتی بەحرەیندا ئەوە سعودیە بوو کە سوپای نارد بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینی ئەو وڵاتە، لە یەمەنیشدا دۆخێکی هاوشێوە هەیە. کەواتە ئەگەر وەڵامێکی کورتی پرسیارە گرنگەکەتان بدەمەوە، ئەوا دەڵێم بەهاری عەرەبی نەبووە هۆی هێنانەدی ئەو گۆڕانکارییە ئیجابییەی کە زۆر کەس ئومێدی بۆ دەخواست، لەبەر ئەوەی چەند وڵاتێکی ئیقلیمیی بەهێز هەبوون کە هاوپەیمان بوون لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکاندا و توانییان ئەگەری هێنانەئارای گۆڕانکاری سیاسی تێکبشکێنن. دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، کە هێنانەئارای گۆڕانکاریی سیاسی، پرۆسەیەکی دژوارە و تێکۆشانێکی درێژخایەنی دەوێت و لە میانەی شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات و دەبێت لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی درێژخایەنەوە لەم پرسە بڕوانین. واتە ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە تەنیا ڕووداوێك ببێتەهۆی ئەوەی لە میانەی شەو و ڕۆژێکدا دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و سەرکوتکاری بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دیموکراسی و لیبراڵی.

*** ئەگەر بێینە سەر سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و بە دیاریکراوی باسی ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا بکەین، ئەوا دەپرسین ئایا چۆن لەم ستراتیژیەتە دەڕوانن و پێشبینیتان بۆ کاردانەوەی ئێران چییە؟**

- یەکێك لە ئاکام و دەرهاویشتەکانی سیاسەت و ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا ئەوەیە کە بارودۆخەکە بەرەو ئاقاری شەڕێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببات، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمە سیاسەتێکی کارەساتبارە و گەلی ئێرانیش دەبنە گەورەترین قوربانیی سەپاندنەوەی سزاکان و پێگەی گەنجان و کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەبێت و هەڵوێستی سەختگیرەکانی نێو ئێران بەهێز دەبێت و مەزندەی ئەوەش دەکەم کە حکومەتی ئێران لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە و دەست بکاتەوە بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە، ئەوەش لە ترسی ئەوەی نەوەکو کار لەسەر گۆڕینی دەسەڵاتی ئێرانی بکرێت، ئەم هەلومەرجەش سیناریۆیەك دەخولقێنێت کە ئیدارەی ترەمپ بیر لە بەکارهێنانی گورزی سەربازی بکاتەوە، ئەمەش بارودۆخێکی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە لە ناوچەکەدا، چونکە سەرباری ئەو پشێوی و نائارامییەی لە ناوچەکەدا هەن، ئەوا ئەگەر ئیدارەی ترەمپیش بڕیاری هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکە بدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە بارودۆخەکە بە کوێ دەگات. دواتر ئێمە دەزانین کە ئەمریکا تاکە هێزی جیهانییە کە ڕازی نەبێت بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و لێی کشاوەتەوە.

*** کەواتە پێتوانییە فشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەبنەهۆی ئەوەی ئێران سازش بکات و بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئەمریکا ئامادە بێت؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە هیچ هۆکار و پاڵنەرێك نییە کە ئێران بچێتەوە نێو پرۆسەی گفتوگۆوە لەگەڵ ئەمریکا، چونکە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەبوو و ئیدارەی ترەمپ دەستبەرداری بوو، کەواتە چۆن دەکرێت متمانەی ئەوەی پێ

**یەکێك لە ئاکام و دەرهاویشتەکانی سیاسەت و ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا ئەوەیە کە بارودۆخەکە بەرەو ئاقاری شەڕێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببات**

**بەهاری عەرەبی نەبووە هۆی هێنانەدی ئەو گۆڕانکارییە ئیجابییەی کە زۆر کەس ئومێدی بۆ دەخواست، لەبەر ئەوەی چەند وڵاتێکی ئیقلیمیی بەهێز هەبوون کە هاوپەیمان بوون لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکاندا و توانییان ئەگەری هێنانەئارای گۆڕانکاری سیاسی تێکبشکێنن**

بکرێت کە ڕێز لە ڕێککەوتنێکی دیکە بگرێت و پێوەی پابەند بێت. دواتر لە نێو خودی ئێرانیشدا دۆخێکی دینامیکی هەیە، کە کەسایەتییە سەختگیرەکان نایانەوێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا بکرێت. کەواتە ئەو بۆچوونە لای ئێران دروست بووە- بەتایبەتی لە نێو سەختگیرەکاندا- کە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەمریکادا هەنگاوێکی تەواو ناواقیعییە و بە هیچ شێوەیەك هاوکار و یارمەتیدەر نابێت. لەبەر ئەوە پێموانییە ئەم سزایانە ببنەهۆی ئەوەی ئێران سازش بکات، بەڵکو دەرئەنجامەکەی بریتی دەبێت لە لاوازکردنی پێگەی هێز و کەسایەتییە میانڕەوەکانی ئێران و بەهێزکردنی پێگەی سەختگیرەکان و سوپای پاسداران و گەلی ئێرانیش لەو نێوەندەدا گرفتار دەبێت و دەبێتە گەورەترین قوربانیی ئەو دۆخە ئابوورییە ناهەموارەی بەهۆی ئەو سزایانەوە دروست دەبێت.

*** بەڵام پێتوانییە ئیدارەی ئەمریکا گرەو لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو سزایانە ببنەهۆی ئەوەی گەلی ئێران دەست بدەنە دەربڕینی ناڕەزایەتی و بەرهەڵستی لە دژی حکومەتەکەیان؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە ئێستا ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لەئارادایە، بەڵام پێموانییە ئەو خۆپیشاندانانە بە ئاستێك ڕێکخراون کە ببنەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری سیاسییان لێبکەوێتەوە، یاخود قۆناغی ئاڵوگۆڕی دیموکراسی بە دوای خۆیدا بهێنێت. لەبەر ئەوە من مەزندەی ئەوە دەکەم کە هێزە سەختگیرەکانی نێو ئێران توندتر بەرەنگاری ئەو حاڵەتانە ببنەوە، بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بە بیانووی ئەوەی دەبێت هەموان ئامادە بن بۆ هێرشێك کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئان و ساتدا بێت. کەواتە پێموانییە سەپاندنی فشاری ئابووری بەسەر ئێراندا بە ئومێدی ڕاپەڕینی خەڵك لە پێناوی گۆڕینی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەی لێبکەوێتەوە. من لەم ڕووەوە سیاسەتی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا- ئیدارەی ئۆباما- بە واقیعبینانەتر دەبینم، چونکە کاتێك بواری ئەوەی دا سزاکان لەسەر ئێران هەڵبگیرێت، ئەوا ئەمە بووە هۆی ئەوەی دۆخی چینی ناوەڕاست لە ئێران باشتر بێت و بەو پێیە بتوانن پتر خۆیان سازبکەن و خۆیان ڕێکبخەن بۆ هێنانەدای ئاڵوگۆڕێکی لەسەرخۆ بەرەو دیموکراسی. لەم ڕوانگەیەوە من پێمواییە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا دەرئەنجامێك تەواو پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.

*** مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە ئێستا باسی لێوە دەکرێت ئەویش دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی ئیقلیمییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**


- لە ڕاستیدا ئەوە یەکێکە لەو پەرەسەندنانەی کە مایەی نیگەرانییەکی زۆرە، ئێمە دەزانین چەند کاراکتەرێکی دوژمنکار — بە ئێران- هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەك دەدەن بۆ دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی ناوچەکە کە پێکهاتوون لە ئیمارات و سعودیە و ئیسرائیل لەگەڵ ئیدارەی ترەمپدا کە وەك هاوپەیمانێتییەك دەیانەوێت سیاسەتێکی نوێ لە ناوچەکەدا پیادە بکرێت، کە پێمواییە ئەمە مایەی کارەسات دەبێت بۆ هەموان.

*** چۆن لە ئایندەی ناوچەکە دەڕوانیت لە مەودای نزیك و درێژخایەندا؟**

- پێموانییە دۆخەکە مایەی هیوا و ئومێد بێت لە ئایندەی نزیکدا و ڕەنگە لە مەودای دووردا ئومێدێك بێتەئاراوە. چونکە ئەوەی لە ئێستادا لەم ناوچەیەدا بەدی دەکەین، ئەوەیە کە هێزە دەرەکییەکان بە دیاریکراوی ئەمریکا —ئیدارەی ترەمپ- پشتیوانی لە ڕژێمە خۆسەپێن و سەرکوتکارەکانی ناوچەکە دەکەن، کەواتە ئەگەر سەرۆکێکی دیکە لە ئەمریکا دەسەڵاتدار بووایە و پتر بە گوێرەی بەهاکانی ئەمریکا هەڵسوکەوتی بکردایە، ئەوا ڕژێمە خۆسەپێنەکانی ئەم ناوچەیە نەیاندەتوانی بەم شێوەیە درێژە بە سیاسەتەکانیان بدەن. تاکە ئومێدێك کە من بەدی بکەم لەم ناوچەیەدا ئەوەیە کە سیاسەتە خۆسەپێنەکانی ناوچەکە ئایندەیان نابێت، کە پێمواییە ئەم سیاسەتانەش وەك سیاسەتی دەسەڵاتەکەی ئەل سیسی لە میسر و دەسەڵاتدارانی ئێران و خانەوادە حوکمڕانەکانی وڵاتانی کەنداو بۆ ناچارکردن و زۆرلێکردنی هاووڵاتییەکانیان تەنیا خزمەت بە گرووپە توندڕەوەکان دەکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە من گەشبین نیم بە دروستبوونی گۆڕانی ئیجابی لە ئایندەیەکی نزیکدا.

**ئەو دۆخەی دروست بووە، ئاکام و دەرهاویشتەی حوکمڕانیی نوخبەی دەسەڵاتدارانە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەدا ئامادە نین دەسەڵات دابەش بکەن**

**تۆکمەبوون و باسک ئەستووربونی ڕژێمە خۆسەپێنەکان ئەو پەرەسەندنەیە کە مایەی زۆرترین نیگەرانییە، چونکە هەر دەوڵەتێکی ئەم ناوچەیە لە ئیسرائیلەوە بۆ تورکیا و سعودیە و ئیمارات، ڕژێمەکانیان بەرەو سەرکوتکاری زیاتر دەچن**




## پرۆفیسۆر محەمەد شەفیق

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەنتەری هیکی بۆ دیالۆگ و دیراساتی نێوان ئایینەکان لە کۆلێژی نازارێس بۆ گوڵان:

# مەسەلەکە ئەوەیە چۆن رێز لە سەرجەم مرۆڤایەتی بگرین بە چاوپۆشین لەوەی پەیڕەوکاری هەر ئایینێک بن

پرۆفیسۆر محەمەد شەفیق بڕوانامەی لە بواری دیراساتی ئایینی لە زانکۆی تێمپڵ بەدەست هێناوە، لە ئێستادا وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە وەك بەراوردکاری و تیۆر و میتۆدەکانی دیراساتی ئایینی، دیراساتی ئیسلامی، دیراساتی نێوان ئایینەکان. هەروەها پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەنتەری هیکی بۆ دیالۆگ و دیراساتی نێوان ئایینەکانە لە کۆلێژی نازارێس، کە دەکەوێتە وڵاتی ئەمریکا. پێشتریش وانەبێژ بووە لە کۆلێجی سەینت جۆن فیشەر لە زانکۆی تاسمانیا و ئێستاش وانەبێژە لە سکوڵی (Colgate Rochester Crozer Divinity School) و پەیمانگای روشیستر بۆ تەکنەلۆژیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە پەیوەست بوون بەوەی چۆن ئایین دەکرێت رۆڵی سرووشتی و راستەقینەی خۆی ببینێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و دادپەروەرتر و چۆن دەکرێت گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە باڵ بکێشێت بەسەر کۆمەڵگەکاندا. ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## دیمانەی تایبەت



*** هەروەك دەزانرێت لە ئێستادا کۆمەڵگە موسڵمانەکان بە دەست چەندین کێشەی قووڵ و ئاڵۆزەوە گرفتارن، ئایا بە پەلەترین هەنگاو چییە کە پێویستە لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا کاری لەسەر بکرێت؟**

- لە راستیدا دوو مەسەلە هەیە کە من دەمەوێت لەبارەیانەوە بدوێم، یەکێکیان بریتییە لە پەیوەندیی نێوان خودی گرووپەکانی ئایینێکی دیاریکراو (intra-faith)، و دووەمیان بریتییە لە پەیوەندیی نێوان ئایینەکان (inter-faith)، خاڵی یەکەمیان کە پەیوەستە بە گرووپەکانی نێو ئایینێکی دیاریکراوەوە-پەیوەندیی نێوان گرووپەکانی نێو یەك ئایین- بەتایبەتی لە وڵاتی عێراق و وڵاتانی دیکەی موسڵماندا، ئەوا مەبەستمان لە بوون و ئەنجامدانی دیالۆگە لە نێوان گرووپە موسڵمانە جیاوازەکاندا- کە هەموویان لە چوارچێوەی ئیسلامدان-، کە پێموایە ئێمە کەموکوڕییمان هەیە لەم رووەوە و هەژاریمان هەیە لەم بوارەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین گرووپی موسڵمانمان هەیە، بەتایبەتی لە عێراقدا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجام بدرێت لە نێوان سوننە و شیعەدا، کە ئێمە دەزانین تەنانەت لە نێو هەر یەکە لە سوننە و شیعەش چەندین گرووپ هەن، کە پێموایە ئەرکی سەرکردە ئایینییەکانە، ئەوانەی پێیان دەڵێن شێخ و زاناکان، کە هەڵبستن بە ئەنجامدانی گفتوگۆ و گوێ لە یەکتری بگرن، چونکە ئەگەر ئەم کارە بە شێوەیەك بکەن کە رێزگرتن لە یەکتر لەخۆبگرێت، ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی

**دەبێت گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجام بدرێت لە نێوان سوننە و شیعەدا وئەرکی سەرکردە ئایینییەکانە کە هەڵبستن بە ئەنجامدانی گفتوگۆ و دەبێت گوێ لە یەکتری بگرن**

**ئەگەر موسڵمانەکان نەتوانن لە نێو خۆیاندا گفتوگۆ بکەن، چۆن دەتوانن دیالۆگ لەگەڵ پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دیکەدا بکەن؟**

**لە ئیسلام و لە قورئاندا بایەخێکی زۆر دراوە بە ڕێزگرتن لە مرۆڤ. ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (لكم دينكم ولي الدين)، کە بە مانای ئەوە دێت هەر یەکەمان دەتوانین پەیڕەوی لە ئایینی خۆمان بکەین**

دەبێت لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە بوونی گفتوگۆ لە نێوان گرووپە ئایینییەکاندا گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە. هەروەها گفتوگۆی نێوان ئایینەکانیش، وەك ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەت، بەتایبەتی لە عێراق و وڵاتانی دیکەدا، بە هەمان ئەندازە گرنگە. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر موسڵمانەکان نەتوانن لە نێو خۆیاندا گفتوگۆ بکەن، چۆن دەتوانن دیالۆگ لەگەڵ پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دیکەدا بکەن؟ لە ڕاستیدا من هاونووسەری پەرتووکێکم (inter-faith Dialogue: A Guide for Muslims) لەبارەی دیالۆگی نێوان ئایینەکان و پێموایە ئەمە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە دابەشبوونێکی زۆر باڵی بەسەردا کێشاوە و ئێمە لەو پەرتووکەدا ئەوەمان خستۆتەڕوو کە بۆچی ئەمە پرۆسەیەکی زۆر گرنگە.

*** دەکرێت لەبارەی سرووشتی ئەم دیالۆگ و گفتوگۆیەوە ڕوونکردنەوەیەك بدەیت؟**

- لە ڕاستیدا گفتوگۆی نێوان ئایینەکان بە مانای ئەوە نایەت کە تۆ دەست لە بیروباوەڕی خۆت هەڵگریت، بە هەمان شێوە بە مانای ئەوە نایەت کە تۆ سازش لەسەر بیروباوەڕەکانت بکەیت، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت چۆن بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتری بکەن. چونکە ئێمە دەزانین لە ئیسلام و لە قورئاندا بایەخێکی زۆر دراوە بە ڕێزگرتن لە مرۆڤ. ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)، کە بە مانای ئەوە دێت هەر یەکەمان دەتوانین پەیڕەوی لە ئایینی خۆمان بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت فێری ئەوە بین کە چۆن بتوانین پێکەوە بژین، واتە چۆن گرووپەکانی نێو ئایینی ئیسلام بتوانن پێکەوە بژین، بە هەمان شێوە چۆن دەکرێت ئیسلام لەگەڵ مەسیحییەت و جوولەکەشدا پێکەوە بژین.

*** ئایا نموونە و ئەزموونێك هەیە کە ئەم حاڵەتەی تێدا بەرجەستە بووبێت؟**

- ئێمە دەتوانین ئاماژە بەو دەستوورە بکەین کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بۆ شاری مەدینە دایڕشت کە بە «میثاق المدينة» ناسراوە و لە سایەیدا توانرا بە چەشنێك مامەڵە لەگەڵ سەرجەم بیروباوەڕ و ئایینەکانی دیکەدا بکات کە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لێ بەدی بێت. واتە مافەکانی تێدا فەراهەم کرابوو. دواتر ئێمە دەزانین کە لە قورئاندا وەك (اهل الكتاب) ئاماژە بە مەسیحییەت و یەهودییەت کراوە.

*** کەواتە دەکرێت ئەمە بکرێتە سەرمەشق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ئێستادا؟**

- من دڵنیام ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لەبەرچاو بگیرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەرەسەندنەکانی ئێستای عێراقدا، مەبەستم ئەوەیە عێراق پێکەوەژیانی ئاشتییانە بە خۆیەوە نابینێت، ئەگەر گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان شیعە و سوننەدا نەکرێت. هەروەها دەبێت موسڵمانەکان بە شیعە و سوننەوە دیالۆگ لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەکاندا بکەن.

*** بەڵام ئایا ئەمە هیچ کاتێك ڕوویداوە؟**

- ئێمە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆژگاری دەسەڵاتی عەباسییەکان بکەین، کە کاتێك زانا کاسۆلیکییەکان دەچوونە مەدرەسە ئیسلامییەکان- کە ئەوانیش بزن، یان مەڕ، یان مانگایان سەردەبڕی بەو بۆنەیەوە- و لەوێدا گفتوگۆ دروست دەبوو لە بارەی ئەوەی کە ئایا لە کاسۆلیکییەتدا چۆن باسی حەزرەتی مەسیح کراوە و ئایا لە قورئاندا چۆن باسی ئەم زاتە کراوە و ئایا موسڵمانەکان چ بیروباوەڕێکیان هەیە لەبارەی مەسیح و ئایا بیروباوەڕی کاسۆلیکییەکان چییە لەم ڕووەوە و باس لەوە دەکرا کە ڕەهبانییەت چییە لە ئیسلامدا، واتە هەموو ئەم پرسانە قسە و باسیان لەبارەوە دەکرا. ئەمە بە مانای ئەوە نەبوو کە بچنە سەر بیروباوەڕی یەکتری، بەڵام ئەوان زۆر بە ڕێزەوە قسەوباسیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، ئەمەش پەروەردەی ڕاستەقینە و ڕێگای دروستە بۆ ئەوەی بیگرینەبەر.

*** کەواتە پێتوایە لە ئێستادا کێشە بنەڕەتی و جەوهەرییەکەی کۆمەڵگە موسڵمانەکان چییە؟**

- ئەوەی من لە ئێستادا کاری لەسەر دەکەم، ئەوەیە کە چۆن ئێمە بتوانین کۆمەڵگەیەکی باشتر دروست بکەین، واتە ئەگەر ئێمە پرسیاری ئەوە بکەین، بۆچی کۆمەڵگە موسڵمانەکان

ئەدایەکی باشیان نییە؟ ئەوا هۆکارەکە ئەوەیە کە ئێمە بەدەست دابەشبوونێکی زۆرەوە دەناڵێنین و دژی یەکتری راوەستاوین و بەوەش وڵات و کۆمەڵگەکانیشمان دوچاری دۆخێکی خوێناوی کردووە. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئێمە بەرەوپێش بچین؟ من دووپاتی دەکەمەوە، دەبێت دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا بکەین، بەو مانای رێز لە یەکتر بگرین و گوێ لە یەکتر بگرین و گوزارشت و زمانی قسەکردنیشمان لەسەر رۆشنایی ئەو ئایەتە دابرێژین کە دەفەرموێت: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ● وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ● فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)، هەروەها قورئانی پیرۆز بە پێغەمبەر دەفەرموێت: (وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ) لێرەدا مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە چۆن موسڵمان هەوڵبدات باشترین شێوازی هەڵسوکەوت بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت بە راستی شوێن پێی هەڵگری پەیامهێنەرەکەی خوا بێت (دروودی خوای لەسەر بێت).

*** واتە مەبەستت ئەوەیە کە چۆن ئایین بکرێتە هەوێنی پێکەوەژیان و تەبایی و مایەی خێر بۆ تەواوی بەشەرییەت هەروەك لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە دەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)**

- ئەمە راستە. دواتر ئێمە دەزانین لە قورئاندا هاتووە: (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ● قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) واتە لە روانگەی قورئانیشەوە ئەو راستییە یەکلا بووەتەوە کە جیهان تەنیا یەك ئایین لەخۆ ناگرێت، بەڵکو هەمیشە فرەیی دەبێت لەم رووەوە، واتە هەمیشە فرەیی لە ئارادا دەبێت لەنێو مرۆڤەکاندا، بەڵکو لە نێو خودی ئیسلام و مەسیحیەتیشدا فرەیی دروست دەبێت. ئەمە راستییە و لە راستیدا ئێمە پێویستمان بەم حاڵەتەیە. دواتر دەبێت ئێمە بزانین کە ئێمە هەموومان نەوەی ئادەم و حەواین و هەموومان پەیڕەوکاری حەزرەتی ئیبراهیمین (دروودی خوای لەسەر بێت)، کەواتە مەسەلەکە ئەوەیە چۆن ئێمە رێزی سەرجەم مرۆڤایەتی بگرین، بە چاوپۆشین لەوەی پەیڕەوکاری هەر ئایینێك بن. تەنانەت قورئان داوای ئەوەی کردووە کە ئێمە قسە بەوانی دیکە نەڵێین بۆ ئەوەی ئەوانیش قسەمان پێ نەڵێنەوە و قسە بە خوای ئێمە نەڵێنەوە (وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ). کەواتە پێویستە موسڵمانان ئەوە راستییەیان لەبەرچاو بێت کە دەبێت بە رێز و بەزەییەوە مامەڵە بکەن، ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (من لا يَرحم لا يُرحم). کە ئێمەش دەزانین سەرەتا دەبێت بەزەیی و چاکەت لەگەڵ کەسە نزیکەکانی خۆتدا هەبێت، واتە لەگەڵ خێزانەکەتدا، لەگەڵ برا و خوشکەکانتدا (الاقربون اولى بالمعروف- charity begins at home)، دواتر دەبێت لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگە و سەرجەم موسڵماناندا بەم گیانەوە مامەڵە بکەیت، ئینجا لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەکان و بێ باوەڕەکان و سەرجەم مرۆڤایەتیشدا. هەروەها نەك تەنیا لەگەڵ مرۆڤەکاندا، بەڵکو دەبێت لەگەڵ سەرجەم خوڵقێنراوەکاندا بە بەزەیی بین، ئەوەتا لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە و باس لەو ئافرەتە دەکات کە گوناحی زۆر کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەگێك لە تینوویەتی رزگار دەکات، ئەوا دەچێتە بەهەشت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە نابێت ئێمە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بپچڕێنین، کاتێك هاوڕا نابین لەگەڵ یەکتردا، ئەمە ئیسلام نییە، کەواتە نابێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خوشك و براکان و لەگەڵ باقی مرۆڤایەتیدا بپچڕێنین.

*** باشە کە ئێمە دەزانین ئەمە پەیامی ئیسلامە، هەروەك ئێوەش زۆر بە روونی و بە جوانی گوزارشتتان لێکرد، ئەی بۆچی ئەو هەموو گرووپە توندڕەو و توندوتیژانە بەرگی ئایین بە بەر خۆیاندا دەکەن و بە کار و کردەوەکانیشیان زیان بە ئیسلام دەگەیەنن؟**

- ئێمە لێرەدا دەبێت دەستنیشانی ئەوە بکەین کە توندڕەوی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، بە تێڕوانینی من توندڕەوی لە بوونی گەندەڵی و لە بوونی ناسەقامگیریی سیاسی و بێکارییەوە سەرهەڵدەدات، چونکە ئێمە دەزانین هەندێ وڵات هەن زۆر دەوڵەمەندن، بەڵام بە رادەیەکی زۆر گەندەڵییان تێدایە. ئەمە لە کاتێکدا قورئان داوای ئەوەی کردووە کە نابێت دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بن و دەبێت بەشێك لە سامانەکەیان بۆ هەژاران تەرخان بکەن و هەلی کار بڕەخسێنن، بەڵام بە شێوەیەکی رێکوپێك زەکات نادەن و

**عێراق پێکەوەژیانی ئاشتییانە بە خۆیەوە نابینێت، ئەگەر گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان شیعە و سوننەدا نەکرێت. هەروەها دەبێت موسڵمانەکان بە شیعە و سوننەوە دیالۆگ لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەکاندا بکەن**

**ئێمە بەدەست دابەشبوونێکی زۆرەوە دەناڵێنین و دژی یەکتری راوەستاوین و بەوەش وڵات و کۆمەڵگەکانیشمان دوچاری دۆخێکی خوێناوی کردووە**



لەو گەندەڵییە زۆرەوە تێوەدەگلێن. بۆیە لە وڵاتە موسڵمانەکاندا چینێکی زۆر دەوڵەمەند و چینێکی زۆر هەژار هەن، توندڕەوەکانیش کەڵك لەم دۆخە وەردەگرن.

*** کەواتە پێتوایە کێشەکە لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی دەوڵەتدایە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەرەڕای ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن، ئەوا سیستمێکی سیاسی نییە لە وڵاتە موسڵمانەکاندا کە بتوانێت سەقامگیریی سیاسی بۆ کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین: کاتێك سەقامگیریی سیاسی دەستەبەر دەکرێت و ئابووریی وڵاتەکەش ئەدایەکی باشی دەبێت، ئەوا کەسانێك نابینین کە روو لە توندڕەوەی بکەن.

*** باشە چۆن لە ئەدای کەسایەتی و زانا ئایینییەکان بۆ خستنەڕووی ئەم کێشانە دەڕوانیت؟**

- پێموایە خاڵێکی دیکە، یان کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەو کەسایەتی و زانایانە وەك پێویست باس لە پرسی گەندەڵی و بەرتیل ناکەن و ئاماژە بەوە ناکەن کە توندڕەوی ئایینی لە قورئاندا رێپێدراو نییە، کە پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسانە بکەن و باسی بکەن. واتە دەبێت ئاماژە بەوە بکەن کە دەبێت ئارامگرتن هەبێت و پەنا بۆ توندڕەوەی نەبردرێت. چونکە ئێمە دەزانین لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکات کە (كنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ) و (وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا)، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە نە دەبێت غەرقی لایەنی ماتریالی و گەندەڵی بین و نە رووبکەینە رەهبانییەت. کەواتە نە دەبێت دەست لە ژیان هەڵبگرین و نە دەبێت گەندەڵییش بکەین، بەڵکو بە چەشنێك بژین لە جیهاندا کە پشت بە رزقی حەڵاڵ ببەستین، چونکە لەو کاتەدا خەڵکانێکمان نابێت کە زۆر دەوڵەمەند بن و خەڵکانێکی دیکەش زۆر هەژار بن. بەڵام ئەگەر ئێستا ئەمە لە دۆخەکە بڕوانین، ئەوا لە وڵاتە موسڵمانەکاندا گەندەڵییەکی زۆر هەیە، لەنێویاندا پاکستان و عێراق و میسر و وڵاتانی دیکە، بۆ بڕوانە وڵاتانی کەنداو کە زۆر دەوڵەمەندن، بەڵام زۆر گەندەڵکاریشن. کەواتە پێویستە لەم رووەوە بە

**لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە و باس لەو ئافرەتە دەکات کە گوناحی زۆر کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەگێک لە تینوویەتی رزگار دەکات، ئەوا دەچێتە بەهەشت**

**قورئان داوای ئەوەی کردووە کە نابێت دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بن و دەبێت بەشێک لە سامانەکەیان بۆ هەژاران تەرخان بکەن و هەلی کار بڕەخسێنن، بەڵام بە شێوەیەکی رێکوپێک زەکات نادەن و لەو گەندەڵییە زۆرەوە تێوەدەگلێن**

ئەرکی خۆمان هەڵبستین و کار لەسەر پرسی گەندەڵی بکەین و کۆشش بکەین لە پێناوی بەدیهێنانی دادپەروەریدا، چونکە کە تۆ دادپەروەریت بەرپاکرد و گەندەڵیت نەهێشت، ئەوا توندڕەوییش کۆتایی پێدەهێنیت. کاتێك من رووەدەکەمە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا بۆ مەبەستی گفتوگۆکردن، ئەوا ئەوەی بەدی دەکەم و بەرچاوم دەکەوێت، ئەوەیە کە هەمیشە شێخەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکەن و خۆیان بە دوور دەگرن لە باسکردنی کاروبارەکانی رۆژانە و ئەوەی روودەدات. مەبەستم ئەوەیە مەسەلەی ئەوە ناخەنە بەر باس کە چۆن کۆمەڵگە موسڵمانەکان بکرێنە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و چۆن موسڵمانەکان لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلێن و بە چ شێوەیەك هاوکاریی کۆمەڵگەکە بکەن. واتە ئاساییە باسی ئەوە بکەن کە ئەگەر کەسێك چەند کردەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام نەدات، ئەوا دەچێتە دۆزەخ، بەڵام دەبێت باسی ئەوەش بکەن کە دەبێت خەسڵەتەکانی ئێمە لە ژیاندا چۆن بن. من لە خوتبەکانی خۆمدا زیاتر جەخت لەسەر دادپەروەری لە ئیسلامدا دەکەمەوە و باس لەوە دەکەم کە چۆن ئیسلام ریبا و گەندەڵی و بەدەستهێنانی ناشەرعییانەی سەروەت و سامانی قەدەغە کردووە. هەروەها لە قورئاندا باس لەوە کراوە کە چۆن دەبێت سەروەت و سامان دابەش بکرێت (كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ)

*** کەواتە پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە پێویستە دادپەروەری بنەمای حوکمڕانی بێت؟**

- ئەمە راستە، من زۆر جار ئەو پرسیارە دەکەم کە بۆچی هێشتا خەڵکانێك هەن شوێنکەوتەی تاڵیبانن، چونکە تاڵیبان سوود لە بوونی گەندەڵی و نادادپەروەری وەردەگرن و گەنجەکانیش باوەڕیان پێدەکەن و تاڵیبانیان پێڕاستە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە پێویستە بەرەنگاری گەندەڵی و نادادپەروەری ببینەوە. بە ئومێدی ئەوەی کە هەلومەرجەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و گفتوگۆیەکی باشتر بکرێت و سەقامگیرییەکی زیاتر باڵ بەسەر وڵاتە موسڵمانەکاندا بکێشێت و هەلی زیاتری کارکردن بڕەخسێندرێت.

**سیستمێکی سیاسی نییە لە وڵاتە موسڵمانەکاندا کە بتوانێت سەقامگیریی سیاسی بۆ کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین: کاتێک سەقامگیریی سیاسی دەستەبەر دەکرێت و ئابووریی وڵاتەکەش ئەدایەکی باشی دەبێت، ئەوا کەسانێک نابینین کە روو لە توندڕەوەی بکەن**

**هەمیشە شێخەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکەن و خۆیان بە دوور دەگرن لە باسکردنی کاروبارەکانی رۆژانە و ئەوەی روودەدات. مەبەستم ئەوەیە مەسەلەی ئەوە ناخەنە بەر باس کە چۆن کۆمەڵگە موسڵمانەکان بکرێنە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و چۆن موسڵمانەکان لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلێن و بە چ شێوەیەک هاوکاری کۆمەڵگەکە بکەن**



# گرفتی پەیوەندیی نێوان دەستەبژێرو دەسەڵات لە عێراقدا

**پێویستە دەسەڵات لەگەڵ دەستەبژێری کۆمەڵایەتی ئاشت ببێتەوە و پشت بە دەستەبژێری دەسەڵاتدار نەبەستێت، کە بووەتە مایەی کارەسات بۆ کۆمەڵگەکەمان**

چەندین گرفت لە کولتووری ئێمەدا سەریانهەڵداوە کە دەگەنە رادەی رێکنەکەوتن لەسەر پێناسەی زاراوەیەك لە زاراوەکان، کاتێکیش ئەو هەموو پێناسانە تێکەڵ دەبن، چەمکەکان پەرت دەبن و لێکدانەوەکان تێکدەچن، ئەوکاتە هەر توێژێك داکۆکی لە دیدو بۆچوونی خۆی دەکات، رای بەرامبەریش رەتدەکاتەوە، بەڵام تاکە شتی یەکلاکەرەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پشتبەستنە بە دەرهاویشتەکانی واقیعی کارو ژیان، لەو چەمکانەش کە درزیان خستۆتە نێو ریزەکانی کۆمەڵگە چەمکی دەستەبژێرە Elite، هەر یەك لە ئێمەش حەزدەکات دەستەبژێر بێت، مەبەستم ئەوەیە لای کۆمەڵگە پەسندکراوبێت، یان کەسێکی کاریگەر بێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەمە دیاریدەکات؟ کێ ئەو شەرعییەتە رەهایەی هەیە ئەو کەسە بە مرۆڤی دەستەبژێر بناسێنێت ؟

چەمکی Elite لە وشەی Eligere ی لاتینییەوە وەرگیراوە، هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد Oxford Dictionary دەستەبژێر بەهێزترین کۆمەڵە کەسێکن لە کۆمەڵگەدا و شوێنێکی گونجاوو دیاریان هەیە، چونکە مرۆڤی دەستەبژێر یان چینی دەستەبژێر بریتین لە توێژێکی کۆمەڵایەتی هەڵبژێردراو کە ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی و فیکرییان لە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەرزترە، هاوکات کاریگەرییان لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە.

ئەم کێشەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

> **مرۆڤی دەستەبژێر یان چینی دەستەبژێر بریتین لە توێژێکی کۆمەڵایەتی هەڵبژێردراو کە ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی و فیکرییان لە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەرزترە**

چارەسەرکراوە، ئەو وڵاتانە کە لە رووی شارستانی (لایەنی ماددی ) و کولتووری (لایەنی مەعنەوی )یەوە پەرەیان سەندووە، بۆیە ئەگەر جیاوازیمان کرد لەنێوان ئەو دوو زاراوەیە (شارستانی و کولتووری Oxford Diction-ary رێککەوتن لەئارادا دەبێت لە بابەتی مرۆڤی دەستەبژێردا، ناسنامەو چۆنێتیی ئەو کەسە دیاریکراوە، کاتێك ئەو مرۆڤە لە رووی شارستانی و کولتوورییەوە پێشدەکەوێت، هیچ پشێوییەك لەنێو کۆمەڵگەدا دروست ناکات، کەسیش رێگەی لێ ناگرێت، بەڵکو هەمووان حەزدەکەن لاسایی بکەنەوە، چونکە پێشکەوتنی مرۆڤی دەستەبژێر لەهەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا بێت هێزی ئەو کۆمەڵگەیە زیاددەکات، تاکەکانیشی هاندەدات رێچکەی ئەو بگرنەبەر، ئەو کەسە خۆی پێگەیاندووەو لە رووی رۆشنبیری و زانست و ئیدارەو سایکۆلۆجیاوە توانای خەرجکردووە، ئەو مرۆڤە بە شەوو رۆژێك نەبۆتە دەستەبژێر یان بە بڕیارێکی سەرەوەی خۆی، بەڵکو هەر ئەو کاریگەریی هەبووە لەسەر سایکۆلۆجییەتی کۆمەڵگە تاکو تاکەکانی بە دەستەبژێر وەسفی بکەن، گەلیش خاوەن بڕیارە کە ئەمەی پێ رەوا بینیوە.

لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا پێناسەکردنی دەستەبژێر هەڵەیە، چونکە بەرزنەکراوەتەوە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەپێنراوە، ئەمەش بۆتە مایەی رق و ناچاربوون و چەوساندنەوە، مرۆڤی

دەستەبژێر ئەو مرۆڤە نەناسراوەیە کە گەل نایناسێت و بە زۆرداری بەسەریدا سەپێنراوە، ڕەنگە باش بێت، بەڵام بەشێوەی نەرێنی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە نەرێنی بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا دەشکێتەوە کە هەڵیبژاردووە، دەکرێ ئەمە بە باڵاخانەیەکی بەرز وەسف بکەین، کاتێك ژێرەوەی دەهەژێت هیچ ئومێدێك لەلای سەرەوە نامێنێت، چونکە بناغەکەی لە ژێرەوەیە، لەسەر دەسەڵاتیش پێویستە وریا بێت لەهەمبەر ئەو هاوکێشەیەدا، پشتبەستن بە دەستەبژێرێکی کۆمەڵایەتی پشتبەستنە بە خودی میللەت، چونکە هەر میللەتە کە بەم دەستەبژێرە قایل بووە، بەڵام ئەگەر فەرزکرا ئەوا بناغەیەکی پووچی لێ دەردەچێت، بگرە لەدەستدانی دەرفەتێکی گەورەشە، بۆیە پێویستە ئەو پەیوەندی و رایەڵە لێکنزیکەی نێوان دەستەبژێری کۆمەڵایەتی و نێوان دەسەڵات بەهێزبکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆکارو زەمانەتێك بۆ مانەوەی دەسەڵات و پەرەسەندن و پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەو دەسەڵاتە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی سەرۆك بارزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە بێت، نەك لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بێت، چونکە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و هەر ئەو خاوەن بڕیاری بەهێزە، هەموو تاکەکانی گەل بەشداریی هەڵبژاردنی سەرۆکەکەیان دەکەن، بە پێچەوانەی هەڵبژاردن لە پەرلەمانەوە کە لەڕێی گرێبەست و سازان و لێکگەیشتنەوە ئەنجامدەدرێت، بۆیە دەبینین سەرۆك کۆماری عێراق لاوازەو هیچ بڕیارێکی بەدەست نییە، چونکە لە ڕێی سازانی کوتلە سیاسییەکان و لە ڕێی پەرلەمانتارەکانییانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتووە، ئەو لە ڕێی گەلەوە نەهاتووە، کەچی لەو دەوڵەتانەی کە سەرۆکەکانیان لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، دەبینین کە سەرۆك بەهێزترین دەسەڵات و هەیبەتی جەماوەریی هەیە، هەروەکو لە ئەمریکاو فەرەنساو میسر و تورکیاو. تاد.

ئەوەی بەداخەوە لە عێراق ڕوودەدات ئەوەیە کە لە زۆر کاتدا دەسەڵات بە پێچەوانەوە کاردەکات، دەستەبژێری کۆمەڵایەتی پشتگوێخراوە، زیاتر پشتیان بە دەستەبژێری دەسەڵاتدار بەستووە، لەبەر ئەوەیە کە کێشەو پشێوی و پەرتەوازەیی سەرهەڵدەدات و ئاستی ئیداریی دامەزراوەکانی دەوڵەت دابەزیوە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە ئەم دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە بەو قۆناخانەی دەستەبژێری کۆمەڵایەتیدا تێنەپەڕیون. ئەوان لەخۆباییین و بەفیزەوەو ملهوڕیی ڕەفتاردەکەن، ئەو کاتەش گەلان هەڵوێستی تووڕەیی و بێزاری و جۆشدانی پەستی دەیانگرێتەوە. لەمەش سەیرتر ئەو دەستەبژێرە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێك دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا پۆستیان هەیە و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ناماقووڵ بەرامبەر خەڵکانی دیکە ئەنجامدەدەن، بە ڕەوشتی خراپ و ناشارستانییان کۆمەڵگە دووچاری شپرزەیی و دواکەوتوویی دەکەن، بەمەش ئەو خەڵکە لە ڕاستگۆیی و پاکی و دڵسۆزی و ئینتیما بۆ نیشتمان و نەتەوە بەدووردەبێت.

بێگومان گرنگترین فاکتەری هەڵوەشانەوەی ژێرخانی کۆمەڵگەی هەر وڵاتێك ئەم خاڵەیە کە ئاماژەمان پێکرد، قوتابییەکم لێی پرسیم، بۆچی مرۆڤی ڕۆژئاوا لە ئیشەکەی دڵسۆزە، لە وڵاتی ئێمەش بە پێچەوانەوەیە؟ نموونەی وڵاتانم بۆ هێنایەوەو گوتم: لە ڕۆژئاوا یان لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوودا، کاتێك کەسێك بۆ پۆستێك هەڵدەبژێرن کە پلەکەی هەر چی بێت، ئەوان دێن مەرج و مواسەفات دادەنێن، کە مەرجگەلی لۆژیك و زانستین. هەر یەکێ ئەو مەرجانەی تێدا بوو شایەنی ئەو پۆستە دەبێت، کاتێکیش پۆستەکە وەردەگرێت، خۆی چاك دەزانێت کە مرۆڤێکی دەستەبژێرە لە خوارەوە، جا خوارەوەش دانی پێداناوە نەك سەرەوە، بۆیە بە بڕیاری گەل چۆتە ئەو شوێنە، ئەو کاتە هەموو کەسێکیش پیرۆزبایی لێدەکات، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی لە پۆستەکەی بۆ دەخوازێت، هەموو تاکێکیش لەو دامەزراوانەدا هەوڵدەدەن شوێن پێی ئەو هەڵگرن، جا ئەو کاتە کێبڕکێیەکە پیرۆز دەبێت و دەبێتە فاکتەرێکی پێشکەوتن و پەرەسەندن لە وڵاتدا. بەڵام لە عێراق پرسەکە بە چەند فلتەرێکی نابەرپرسدا ڕەتدەبێت، کە بۆتە مایەی ئیحراجکردنی کۆمەڵگە، چونکە

**سەرۆک بارزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە بێت، نەک لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بێت، چونکە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و هەر گەلیش خاوەن بڕیاری بەهێزە، هەموو تاکەکانی گەل بەشداریی هەڵبژاردنی سەرۆکەکەیان دەکەن، بە پێچەوانەی هەڵبژاردن لە پەرلەمانەوە تەنیا لە ڕێی گرێبەست و سازان و لێکگەیشتنەوە ئەنجام دەدرێت**

**لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا پێناسەکردنی دەستەبژێر هەڵەیە، چونکە بەرزنەکراوەتەوە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەپێندراوە، ئەمەش بووەتە مایەی ڕق و ناچاربوون و چەوساندنەوە، مرۆڤی دەستەبژێر ئەو مرۆڤە نەناسراوەیە کە گەل نایناسێت و بە زۆرداری بەسەریدا سەپێندراوە، ڕەنگە باش بێت، بەڵام بەشێوەی نەرێنی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە نەرێنی بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا دەشکێتەوە کە هەڵیبژاردووە**

هەڵبژاردنی کەسەکە لەسەرەوە دەردەچێت نەك بە رەزامەندیی خوارەوەو ئەو مەرجانەش تەنیا دەسەڵات دایناون و گەل ئاگای لێیان نییە، تەنیا ئەوەی سەر بەو دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەش بێت دەتوانێت ئەو مەرجانە بێنێتەدی، پەیوەندیی بە چینی خوارەوە نییە واتا گەل، چونکە ئەگەر تەنیا پشتی بە خوارەوە ببەستایە ئەوا تاهەتایە هەر لە خوارەوەدا دەمایەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی شایانی ئەو پۆستە نەبووە، ناشتوانێت سەرکەوێت مەگەر بە دوو مەرج نەبێت، یەکەمیان مەرج و مواسەفاتە لۆژیکی و زانستییەکان بێنێتەدی کە پێشتر باسمان کردن، ئەمەش زۆر زەحمەتە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بیانکات، هەتا ئەگەر هەوڵیشی دا ئەوا بۆ ئەو پۆستە ناشێت و رەنگە لە کارەکەیدا شکست بهێنێت، دوومیان ئەوەیە کە بڕیارەکە لە سەرەوە دژی ئارەزووی خوارەوە دەرچێت، ئەمەش سوود بەو کەسە دەگەیەنێت و کارەسات بۆ دەسەڵات دروستدەکات، چونکە هەرچەند بڕیاری سەرەوە بەر خوارەوە بکەوێت ئەوا زیانەکە پشکی سەرەوە دەبێت هەتا ئەگەر دوای ماوەیەکی دیکەش بێت، بۆیە بە تێپەڕبوونی کات ئەم دەسەڵاتە لاوازو داڕماو دەبێت تا بە تەواوی هەرەس دەهێنێت.

بۆچی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتەکانی عێراق واتا دوای رووخانی رژێمی بەعس شکستیان هێناوە؟ دیارە لەبەر ئەوەیە کە حکومەت لەلایەن کوتلە سیاسییەکانەوە پێکهاتوون، نەك لە رێی لیژنەی پسپۆڕی زانستییەوە، هەر کوتلەیەکیش کەسایەتیی حزبیی خۆی بەسەر ئەو کەسەدا سەپاندووە کە بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپێردراوە، کە نابێ لاریی هەبێت، بەڵکو هەر چۆنێك بێت ئەو کاندیدە قبوڵبکات، هەتا ئەگەر گەندەڵکارو شکستخواردوو و تایفەگەرو بکوژیش بێت، ئەگەرنا حکومەتەکەی متمانە لە پەرلەمانی عێراقەوە وەرناگرێت، چەندین کەسایەتیی بێ توانا پۆستی گرنگیان لە دەوڵەت پێبڕاوە، چەندین گەندەڵکاریش پۆستی وەزارەتیان وەرگرتووە، پەرلەمانی عێراقیش بێ دوودڵی و لاریبوون و رەخنە متمانەیان پێ دەبەخشێت، چونکە نەیارە سیاسییەکان لەسەر دابەشکردنی کێکەکە رێککەوتوون، جێگەی داخیشە ئەو گەندەڵکارانە هەر لە پۆستەکانیان ماونەتەوە.

دەستەبژێری دەسەڵاتداریش گرنگترین هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگەن، دیارە وڵاتە پێشکەوتووەکان بە قەدەر بایەخدانیان بە بواری تەکنۆلۆجیا و ئاوەدانی، بایەخدانیشیان بە رۆشنبیری کەمتر نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا ئەو شتە کەموکوڕی تێدایە، پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری ماددی دەبینین، کەچی رۆشنبیرییمان دواکەوتووو پڕ کەموکوڕییە، لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا شارستانی و کولتوور پێکەوە رێدەکەن، لە لای ئێمە هاوسەنگییەکە نەنگ بووە، بۆ نموونە کەسێك کۆشك و تەلارێکی نایابی هەیە، ئۆتۆمبیلێکی دوا مودێل و پارەیەکی زۆرو هاوسەرێکی شۆخ و شەنگی هەیە و لە رووی ماددی (شارستانی )یەوە هیچی پێویست نییە، بەڵام رۆشنبیرییەکەی لاوازو بەرتەسکە، هەست بە کەموکوڕیی دەکات لە کەسایەتییەکەی، بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم کەموکورتییە دێت رەفتاری ناشیاو و نامۆو مامەڵەی ناشارستانی دەکات، بۆیە دەبینین هەمیشە بە قسەی خۆی دەکات و پێگەکەی خۆی دەقۆزێتەوە و خۆویست دەردەچێت، دەستپاك و راستگۆ نییە، تۆزقاڵێك نیشتمانی لا خۆشەویست نییە و دۆستایەتی و برایەتی نازانێت، نیشتمان بە هی خۆی دادەنێت ئەگەر بەرژەوەندییەکانی سەربگرن، بە پێچەوانەوەش هەر سۆزی بۆی نابێت، ئەو بۆ خۆی دەژییێت و خێرو خۆشی بۆ کەس وکارو نیشتمان و نەتەوەکەی نییە، پێغەمبەریش(دخ) دەفەرموێت: (خیر الناس من نفع الناس)، واتا چاکترین خەڵك ئەوانەن سوودیان بۆ خەڵك هەبێت، بۆیە هەندێ جار ئەوانە ئەگەر شتێکی لە سەرەوە دەستکەوت بەقەد ئەو دەستکەوتە دڵسۆز دەبێت، ئەو وەك ئەوە وایە کە خوای گەورە باسی دەکات {ومن الناس من يعبد الله على حرف فإن أصابه خير اطمأن به، وإن أصابته فتنة انقلب على وجهه، خسر الدنيا والآخرة، ذلك هو الخسران المبين}. بۆیە دەڵێم پێویستە دەسەڵات لەگەڵ دەستەبژێری کۆمەڵایەتی ئاشت بێتەوەو پشت بە دەستەبژێری دەسەڵاتدار نەبەستێت، کە بووەتە مایەی کارەسات بۆ کۆمەڵگەکەمان.

**پێشکەوتنی مرۆڤی دەستەبژێر لەهەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا هێزی ئەو کۆمەڵگەیە زیاددەکات، تاکەکانیشی هان دەدات رێچکەی ئەو بگرنەبەر، ئەو کەسە خۆی پێگەیاندووەو لە رووی رۆشنبیری و زانست و ئیدارەو سایکۆلۆجیاوە توانای خەرجکردووە، ئەو مرۆڤە بە شەو و رۆژێک، یان بە بڕیارێکی سەرەوەی خۆی نەبووەتە دەستەبژێر**

**دەستەبژێری دەسەڵاتدار گرنگترین هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگەن، دیارە وڵاتە پێشکەوتووەکان بە قەدەر بایەخدانیان بە بواری تەکنۆلۆجیا و ئاوەدانی، بایەخدانیشیان بە رۆشنبیری کەمتر نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا ئەو شتە کەموکوڕی تێدایە، پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری ماددی دەبینین، کەچی رۆشنبیرییمان دواکەوتوو و پڕ کەموکوڕییە**

**لە رۆژئاوا، یان لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوودا، کاتێک کەسێک بۆ پۆستێک هەڵدەبژێرن کە پلەکەی هەر چی بێت، ئەوان دێن مەرج و مواسەفات دادەنێن، کە مەرجگەلی لۆژیکی و زانستین. هەر یەکێ ئەو مەرجانەی تێدا بوو،. شایەنی ئەو پۆستە دەبێت، کاتێکیش پۆستەکە وەردەگرێت، خۆی چاک دەزانێت کە مرۆڤێکی دەستەبژێرە لە خوارەوە**

# ئایندەی کەرکووک بە پێکهاتەکانیەوە لە بەرنامەی داهاتووی حکومەتدا

ئەگەر هاتوو حکومەتێکی تازە بە سەلامەتی و بێ دەستتێوەردانی نەشتەرگەری، یان ململانێی تایفەگەری لەدایکبوو، ئەوا پێویستە رەوشی کەرکووك بخرێتە نێو بەرنامەی کوتلە سیاسییەکانی بەشدار لە پێکهێنانی حکومەتە تازەکەدا. چونکە رەواو ماقووڵ نییە رەوشی کەرکووك جارێکی دیکە پشتگوێ بخرێت، چونکە هەموو پێکهاتەکان بەدەست ئەو رەوشە ناجێگیرەوە ماندوون، ئەگەر بێت و لە ئایندەی نەوەکانیان لەو پارێزگایەدا دڵنیا نەبن.

پارێزگای کەرکووك بە درێژایی حوکمڕانیی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق رووبەڕووی پەراوێزخستن و پشتگوێخستن و هەژاری و ستەمکاری بووەتەوە، بێ ئەوەی بزانێت تاوانەکەی چی بووە و هەمیشە ئەو حکومەتانە هەروەك رانەمەڕ رایاندەدا، هەر لەکۆنەوە پێکهاتەکانی عەرەب و کوردو تورکمان و کلدوئاشووری بەیەکەوە ژیاون و پەیوەندیی بەهێزی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا هەبووەو هەیە، بەڵام پێویستە سیاسەتوانانی عێراق بوێر بن و بە ئاشکرا چارەسەری ریشەیی کێشەی کەرکووك بکەن، ناکرێت ئەو کێشەیە تا کۆتایی بدرێتە دەست قەدەرو بێ چارەسەر بمێنێتەوە، بۆیە دەبێ کۆتایی بەم دۆخە بێ سەروبەر بهێنرێت لە پارێزگای کەرکووکدا. بەڵام بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە قۆناخی پێش ریفراندۆم، یان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، چونکە لە ریفراندۆمەکە زۆرینەی خەڵکەکە دەنگیان لە بەرژەوەندیی سەربەخۆبوونی هەرێم دا، لەوانەش پارێزگای کەرکووك، بۆیە بە دیدو بۆچوونی من کێشەی کەرکووك بە سێ رێگە چارەسەر دەبێت:

**پارێزگای کەرکووک بە درێژایی حوکمڕانیی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق رووبەڕووی پەراوێزخستن و پشتگوێخستن و هەژاری و ستەمکاری بووەتەوە، بێ ئەوەی بزانێت تاوانەکەی چی بووە**

یەکەم- پارێزگای کەرکووك بخرێتە سەر هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بە دۆخێکی تایبەت کە مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی بە یەکسانی تێدا رەچاو بکرێت، ئەم مافانە بە



بۆ گوڵان نووسیویەتی
**شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی**
ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك

روونی و راشکاوی لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێن، تاکو هەموو هاووڵاتیان لە مافەکانیان دڵنیا بن، لەو دەستوورەدا ناوچەکانی زۆرینەی عەرەب، یان تورکمان، یاخود کریستیان رەچاو بکرێن، هەروەها بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە لەلایەن زۆرینەوە بێت، بۆ ئەوەی لە رووی ئیدارەوە ئازادی بدەینە ئەو ناوچانە، ئەوەی کە پەیوەستە بە ئازادیی رادەربڕین و گوزارشت و پیادەکردنی ئازادییەکان بە شێوەیەك کە دیموکراسیی راستەقینە لەو ناوچانە رەنگبداتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی کە دابەشکردنی وەزیفەو فەرمانبەران لەو ناوچانە بەپێی شایستەی دانیشتووان بێت، ئەمەش لە هەموو دەسەڵاتەکانیش پەیڕەوبکرێت بە هەموو قەزاو ناحییەکانەوە و کەرکووکیش نوێنەرایەتیی راستەقینەی هەبێت لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئافرەتیش لە پەرلەمانی کوردستان پێگەی خۆی هەبێت، واتە کەرکووك ببێتە نموونەیەك لە ئاستی کوردستاندا.

دووەم – بگەڕێینەوە حکومەتەکانی پێشوو بەر ساڵی ٢٠٠٣، کە بریتییە لە دابەشکردنی کەرکووك بۆ دوو بەش: بەشی رۆژئاوا کە گرێدراو بێت بە حکومەتی فیدراڵ (بەغدا). بەشی رۆژهەڵات بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان بە هەموو ناحیەو قەزاکانیەوە.

سێیەم: لە کاتێکدا ئەگەر هەر یەك لەم چارەسەرانەی سەرەوە جێبەجێ نەکرا، ئەوا پێویستە پەنابەرینە بەر چارەسەری نێودەوڵەتی لە رێگەی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکاو دادگاکانی نێودەوڵەتی، بەڵام پەنا نەبەینە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە تا ئێستا کێشەو ململانێی ناوخۆی هیچ دەوڵەتێکی چارەسەر نەکردووە. بەڵام لەو سێ حاڵەتەی پێشوودا کە ئاماژەم پێیان کرد، پێویستە توانا و بوێریمان هەبێت بە ئاشکراو راشکاوی و موجامەلە نەکەین لەسەر حیسابی دەستکەوتی تەسکی تایبەتی و تاکە کەسی، سەرکەوتنیش لە خواوەیە.

**پێویستە پەنابەرینە بەر چارەسەری نێودەوڵەتی لە رێگەی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکاو دادگاکانی نێودەوڵەتی، بەڵام پەنا نەبەینە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە تا ئێستا کێشەو ململانێی ناوخۆی هیچ دەوڵەتێکی چارەسەر نەکردووە**